فایلی ململانێی ئێران - سعودیه



سعودیە - ئێران

35 ساڵ شەڕی سارد و ململانێ بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەلاتخوازی

ڕەفیدە ئەها
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەهەند شێرکۆ
IDEA DIPLOMATIC

ماوەی (35) ساڵ تێپەڕی، هێشتا پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعوودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەوپەڕی تونديدایە. هەندێك پێیانوایە، کە جۆرێك لە شەڕی سارد لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی لەنێوانیاندایە بۆ خۆی شەڕی ڕاستەقینەیە و لەسەر خاکی زۆرێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەڕێوەدەچێت. هەمیشە دەسەڵاتی عەرەبستانی سعوودیە پادشاکەیان بە "خزمەتکاری هەردوو حەرەمی پیرۆز" ناودەبات، ئەو ناوونیشانەی کە سعوودیە لە ڕێگەیەوە دەیەوێت ڕابەرایەتیی چەق و ناوەندێتیی ئیسلام بکات. ڕژێمی سعوودیە ئیسلامی سەلەفی پەیڕەوکردووە و پشتیوانی لێدەکات و بەتوندیش بانگەشەی بۆ دەکات.

بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979 بۆ سعوودیە شۆکێکی گەورە بوو، چونکە دراوسێ باشەکەی ئیتر کەوتە کێبڕکێکردنی بە کۆپیەکی تری ئیسلامی، واتە ئیسلامی شیعی، کە زۆر لەلایەن ئیسلامی سەلەفییەوە دژایەتی دەکرێت، هەوڵدەدات خۆی وەك سەنترالیزمێکی ئیسلامیی ئەڵتەرناتیڤ خۆی بسەپێنێت.

سەرەتای هەوڵدانەکانی ئێران سەبارەت بە خۆناساندنی لە بەردەم جیهانی ئیسلامی، مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ پرسی فەلەسئین، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی وەک گەورەترین پشتیوان و هاوکاری ڕزگاربوونی فەلەسئین لە دەسنی ئیسرائیل پیشاندا، هەمیشە لە وتار و لێدوانی سەرکردە و لێپرسراوەکانیدا، وای وێنا کردووە، کە دەوڵەتانی عەرەبی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی گەورە ئەمەریکییەکەیان دەکەن، کە ناهێڵێت هەنگاوی ڕاستەقینە هەڵبهێنێت، لە دژی داگیرکردنی فەلەسئین و ناوانەکانی ئیسرائیل.

لێرەدا ئێران خۆی وەک دەوڵەتێکی شیعی بەرجەستە ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا پێگەیەکی جەماوەری پەیدابکات، بە هاوکاری و پشتیوانیی بزووتنەوەکانی بەرەنگاری سوننی وەک بزووتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی بە پێدانی چەک و کۆمەکی دارایی.

ئێران حزبوڵڵای لە لوبنان بۆ یەک ئامانجی دیار دروستکرد، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیلە.

وێستگە گرنگەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز — تاران لەدوای شۆڕشی ئێران

ماوەیەک لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، سەدام حسێن شەڕی لە دژی ئێران دەستپێکرد. لەو شەڕەدا دەوڵەتانی کەنداو، بەتایبەتی سعوودیە دەیان ملیار دۆلاریان بۆ پشتیوانیکردنی سەدام حسێن خەرجکرد. بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنیی هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA)، دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بە بڕی (35) ملیار دۆلار قەرزیان دایە عێراق، ئەمە لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی وەک سعوودیە، کوێت و ئیمارانی عەرەبی 30 تا 40 ملیار دۆلاریان وەکو کۆمەک و یارمەتی بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێران پێدا. لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق - ئێران، دوو ناکۆکیی گەورە لەنێوان سعوودیە و ئێران ڕووياندا:

یەکەم: هاشمی ڕەفسەنجانی لە یاداشتەکانیدا دەربارەی ڕۆژی 11ی ئابی ساڵی 1986 نووسیویەتی دەڵێت: "سەید بەشارەتی یەکێک لە وەزیرەکانی حکومەتی ئێران لەو سەردەمەدا، حکومەتەکەی لەبارەی بەبارمتەگرتنی هەندێک لە حاجییانی ئێرانی لەلایەن دەسەڵاندارانی سعوودیەوە ئاگادارکردەوە، کە لەناو جانتاکانیاندا هەندێک تەقینەوەیان پێبووە. سعوودیە لەو کاتەدا لە کۆی (113) حاجیی ئێرانی (110) کەسیانی ئازادکرد، کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانیەوە دەستگیرکرابوون. لەدوای ئەم ڕووداوە مەهدی کەڕوبی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، بڕووسکەیەکی سوپاسگوزاری بۆ شای سعوودیە نارد. لەو سەردەمەدا حسێن موسەوی سەرۆکوەزیرانی ئێران لە دەقی نامەی نهێنیی دەستەکارکێشانەوەی نووسیویەتی: لەدوای ئاشکرابوونی ماددەی تەقینەوە لە لای حاجییە ئێرانییەکان لەناو سعوودیە، من لەم بابەتە ئاگادارکرامەوە، زۆر بەداخەوە سەرەڕای ئەو زیانە گەورەیەی کە ئەم جۆرە کارانە لە هەردوو وڵاتی دەدات، لە هەر کات و ساتێکدا ئەگەری ڕووادانی هەیە".

ئایەتوڵڵا مونتەزری کە لەو سەردەمەدا جێگرەوەی چاوەڕوانکراوی خومەینی بوو، نامەیەکی بۆ ئەحمەد خومەینی نارد، تیایدا نووسیویەتی: "سوپای شۆڕش هەندێک کاری سەیردەکات، جانتای 100 کەس لە حاجیی بەسالاچووی ئێرانی بەکارهێناوە، ئاوەکو ئەقینەوەیان ئیادا دابنێت بەبێ ئاگاداریی خۆیان، بە شێوەیەک ئەم کارە ئێران و شۆڕشەکەشی خستە دۆخێکی زۆر شەرمهێن، سەید کەڕوبی ناچارکرد، بروسکە بۆ شا فەهد بنێرێت ئاکو بارودۆخەکە ئاسایی بێتەوە. ئەحمەد خومەینی وەڵامی نامەکەی دەداتەوە و دەڵێت: "ئەمە مانای وانییە من ڕەزامەندم لەسەر ئەوەی ڕوویداوە، بەڵام ئەوە لە کاتی ململانێیەکی لەم جۆرەدا شێوازێکی پیادەکراوە". لە 31ی نەموزی ساڵی 1987دا حاجیە ئێرانییەکان خۆپیشاندانێکیان کرد و دروشمی "مەرگ بۆ ئەمەریکا، مەرگ بۆ ئیسرائیل"یان دەوتەوە، بەڵام ئەم جارە هێزەکانی ئاساییشی سعوودیە ئەقەیان لە حاجییەکان کرد، (402) کەس کوژران لەنێوانیاندا (275) حاجیی ئێرانی و (85) حاجیی سعوودی هەبوون، (45)ی ئریشیان سەر بە ڕەگەزی ئر بوون. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە هەژێنەدا سعوودیە باڵیۆزخانەکەی لە ئاران داخست، بەئەواوەتی کۆتایی بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێران هێنا و قۆناغێکی زۆر ڕاشکاوانەتر، لە دژایەتیکردن لەنێوانیاندا دەستپێکرد.

لێکتێگەیشتنی شەرمنانە لە دوای پەلاماردانی کوێت لەلایەن سەدامەوە

لەوانەیە جێی گاڵتەجاڕی چارەنووس بێت، کە سەدام حسێن لە 2ی ئابی ساڵی 1990 هێرشی کردە سەر کوێت، بۆ ئەوەی کوێت و سعوودیە و دەوڵەتانی ئری کەنداو ناچاربکات، ئا شاندەکانیان بنێرن و داوای یارمەتی لە ئێران بکەن بۆئەوەی لە خاکی کوێت بکشێنەوە. لە 23ی ئابی 1990 وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی کوێت لەگەڵ 28 کەس لە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی سعوودیە سەردانی ئاران-یان کرد. لە بەرواری 13ی شوبااتی ساڵی 1991 عەلی ئەکبەر ویلایەتی و سعوود ئەلفەیسەڵ وەزیرانی دەرەوەی ئێران و سعوودیە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە گفتوگۆیان کرد، پاشان دوای چەند ڕۆژێک لە ژنێف کۆبوونەوەیان کرد. لە 20ی ئاداری ساڵی 1991 عەلی ئەکبەر ویلایەتی مۆڵەتی لە هاشمی ڕەفسنجانی وەرگرت، بۆئەوەی پەیوەندییەکی سنووردار لەنێوان ئێران و شانشینی سعوودیە دەستپێبکاتەوە.

لە هاوینی ساڵی 1996دا بنکەی سەربازیی ئەمەریکا، لە خوبەر تەقێنرایەوە و (19) سەربازی ئەمەریکی تیدا کوژرا و (400) ی تریش بریندار بوون. بەپێی ڕاپۆرتی ئەرشیفی ئاساییشی نەتەوەیی ئەمەریکا، لەدوای تەقینەوەکە بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا داوای لە هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا کرد، بەجیددی بیر لە داڕشتنی پلانێک بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سەربازی لە دژی ئێران. هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی بە سەرۆککۆماری ئێران دووبارە هیواکانی بووژاندەوە، بۆ باشکردنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوو وڵاتدا، لەبەرئەوە ئەو پلانە سەربازییەی باسی لێوەکرابوو، خرایەلاوە بەو هیوایەی ڕیاز و ئاران بگەنە چارەسەرێکی دیپلۆماسی. سعوودیە لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکە لەلایەن ئێرانەوە

گۆڕینی ململانێی دیموکراتی و ستەمکاری بۆ شەڕێکی تائیفیی سوننی — شیعی• ئەوەی زۆر زیانی بە ئێران گەیاندووە ئەوەیە، کە ڕاکێشانی ناوچەکە بەرەو چارەنووسێکی نارووون، بەو شێوە بێبنەمایە لە بەرژەوەندیدا نییە،

یارمەتی دراون، پێش ئەوەی ڕێکخراوی قاعیدە بەرپرسیارێتیی خۆی لە ئەنجامدانی تەقینەوەکە ڕابگەیەنێت. کلینتۆن لە یاداشتەکانیدا لە هاوینی 1996 نووسیویەتی: "ئەمەریکا هیچ زانیارییەکی سەددەرسەدی لەبارەی ناسنامەی ئەنجامدەرانی پەلامارەکە نەبوو ".

سعوودیە داوای لە ئەمەریکا کرد، پەلاماری ئێران بدات

پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز - ئاران جارێکی تریش پشێوی و ئاڵۆزی نێکەوت، ئەم جارەیان زۆری خایاند. دەسەڵاتی بنەماڵەی ئال سعوود کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەترسیدارترین دوژمنی

کەشتیەکی جەنگیی عەرەبستانی سعودیە

خۆیان دەدەنەقەڵەم، چەندین جار داوایان لە ئەمەریکا کردووە، هێرشی سەربازی بکاتە سەر ئێران بەپێی سایتی ویکیلیکس شای سعوودیە لە نیسانی ساڵی 2008دا داوای لە ڕایان کروکەر باڵیۆزی ئەو کاتەی ئەمەریکا، لە عێراق و ژەنراڵ دێقید پترایۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کردووە، هێرشی سەربازی بکاتە سەر ئێران و پێیوتوون: "سەری مارەکە ببڕن و خەونی ئەتۆمیی ئێران لەناوببەن".

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نهێنی، کە بەروارەکەی بۆ ساڵی 2005 دەگەڕێنەوە دەڵێت شای سعوودیە ئوڕە بوو، چونکە ئەمەریکا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد، بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سەربازی لە دژی ئێران. شای سعوودیە ئەمە هەڵوێستی بوو، لە کاتێکدا ولاتەکەی و سەدام لە پێشتردا کۆک بوون لەسەر پێویستی کۆنترۆڵکردنی ئێران و خەونەکانی لە ناوچەکەدا. سیاسەتی ئەمەریکا عێراقی وەک خەڵاتێک لەسەر سینییەکی ئاڵتوون پێشکەشی ئێران کرد. جۆرج بوش لە بەشی سیانزەیەمی یاداشتەکانیدا دەڵێت: ئیسرائیل و سعوودیە چەندین جار دوای کردووە هەڵمەتی سەربازی لە دژی ئێران ئەنجامبدرێت. عەرەبستانی سعوودیە نەیتوانی خەونەکەی بەدی بێت لە پەلاماردانی سەربازیی ئێران، بەڵام پشتیوانی لە سەپاندنی سزای ئابووریی خۆرئاوا کرد لەسەر ئێران، بەڵکو بەشێکی گرنگی سزاکان بۆ خۆی ئەواو خواستی سعوودیەیە.

زەمینەرزەی بەهاری عەرەبی

بەهاری عەرەبی بە ماناى کەوتنی ڕژێمە ئۆتالیناریيەکان و گۆڕینیان بە سیستمی دیموکراتی، پابەند بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بە مەترسییەکی گەورە دادەنرێت لەسەر عەرەبستانی سعوودیە. نووسەر و ئۆژەری ئێرانی (ئەکبەر گنجی) پێیوایە گۆڕینی ناکۆکی سەرەکی و بنەڕەتی لە ناوچەکەدا، بۆ ناکۆکیی نێوان دیموکراتی و سنەمکاری بۆ سعوودیە دێوەزمەیەکی گەورەیە. شازادە ئورکی ئەلفەیسەڵ ڕایگەیاندووە، کە بەهاری عەرەبی هۆکاری وێرانکاری و کاولکارییە، لە کاتێکدا کە شێخ (ساڵح ئەلفۆزان) یەکێک لە گرنگترین زانا سەلەفییەکان لە سعوودیە ڕایوایە، کە بەهاری عەرەبی جگە لە فیتنەیەگی گەورە شتێکی تر نەبوو. کەواتە سعوودیە چەند پلانێکی بەربڵاوی داناوە، کە گۆڕینی ڕێڕەوی بە کاری عەرەبی بە شێوەیەکی ئەواو دەگرێتەخۆ.

لە لایەکی ترەوە ئەکبەر گنجی پێیوایە، پلانەکانی سعوودیە دەرئەنجامی خۆی هەیە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعوودیە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

– گۆڕینی ململانێی دیموکراتی و سنەمکاری بۆ شەڕێکی ئائیفیی سوننی – شیعی. ئەوەی زۆر زیانی بە ئێران گەیاندووە ئەوەیە، کە ڕاکێشانی ناوچەکە بەرەو چارەنووسێکی ناڕوون، بەو شێوە بێبنەمایە لە بەرژەوەندیدا نییە، چونکە شیعەکان لە ناوچەکەدا بەلای ئەهلی سوننەوە کەمینەن. ئایەتوڵڵا خامنەئی، کە ناوی ڕابوونی ئیسلامی

موشەکە دورهاوێژەکانی ئێران

لە بەهاری عەرەبی ناوە، ئومێدی دەخواست پزیسکی شۆڕشەکان بگاتە وڵاتانی وەک سعوودیە، بەڵام خەونەکانی وەک دێوەزمە بەسەریدا شکایەوە، کاتێک شۆڕشی سوریا بەرپا بوو، ئەو وڵاتەی کە ئێران بەوپەڕی هێزی پشتیوانی لێدەکات، ئەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، کە مەرجەعە دینییە ئوندڕەوەکانی ئێران دژی ئەوەن و پێیانوایە، کە شیعە عەلەوییەکان لە مەزهەبی شیعەگەرایی دوانزە ئیمامی ڕاستەقینە لایانداوە. ئەشەنەکردنی شەڕ بەو شێوەیە بووەتە هۆکاری دەرکەوتنی چەند گرووپێکی ئوندڕەوی سوننە، کە پێدەچێت لە داهاتوودا ئێران بکەنە ئامانجی خۆیان. سوریا گۆڕاوە بۆ ناوەندی پەلکێشکردنی گرووپە ئوندڕەوەکان، لە جیهاندا. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لاوازتر دەبێت، پێدەچێت هێندەی سعوودیە و وڵاتانی کەنداو هێزی نەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی شەڕ بە لەجیاتی. بەپێی گۆڤاری فۆرین پۆلیسیی ئەمەریکی، سعوودیە خەرجیی سیستەمەکانی بەرگری بە ڕێژەی 111% زیادکردووە، بۆئەوەی خۆی لە مەترسیی ئێران بپارێزێت. لە میسر، سعوودیە بەئوندی پشتیوانیی کودەتایەکی سەربازی کرد بەسەر سەرۆکێکدا، کە لە هەڵبژاردندا گەل دەنگی پێدا. بە وتەی ئەکبەر گنجی بوونی حکومەتی ئیخوان موسلمین لە میسر لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوو، چونکە دەیویست ئەنیا خۆی ببێتە وتەبێژ بە ناوی ئیسلام، لە کاتێکدا سیستەمە ئیسلامییەکان بەرگەی بوونی ڕکابەری ئیسلامی لە دژیان ناگرن.

پشتیوانیی بێسنووری ئێران لە شیعەکانی عێراق، سعوودیەی زۆر نیگەرانکردووە. وڵاتانی وەک یەمەن و لوبنان و عێراق گۆڕان بۆ گۆڕەپانی شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەت، ئێران - سعوودیە. چەند ڕاپۆرتێک باسی ئەوە دەکەن، کە سعوودیە بە مەبەستی پشتیوانی کردنی سوننەکانی باشوور دەستێوەردانی لە خاکی ئێران کردووە، بۆ نموونە پشتیوانیکردنی گرووپی (جوندوڵڵا)، کە هێرشی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی ئەنجامدەدات. بەم دواییانە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی، ئەوەش زیانێکی گەورەی بە ئابووریی ئێران گەیاند، بەڵام سعوودیە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕەتدەکاتەوە، کە بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوە ئێرانییەکان، ئەمە پلانێکی سعوودیەیە بۆ لاوازکردنی ئێران و ناچارکردنی، بۆ ڕازیبوون بە لێکنێگەیشتن دەربارەی بەرنامە ئەنۆمییەکەی. ئان پینرسۆن یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند، کە ئێران و سعوودیە لەسەر خاکی زۆربەی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خۆبەخۆی یەکنری شەڕدەکەن، بەڵام پێشنر ڕۆژێک لە ڕۆژان ناحەزی و دوژمنایەتییان بەو ئەندازەیەی ئێستا نەبووە.

سەرچاوە:

ماڵپەڕی (ساسە پۆست)

/https://www. sasapost. com/iran-saudi-arabia

پاڵنەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی ناکۆکیی نێوان سعودیە - ئێران

لەعەرەبییەوە: ڕێکار سەردار
IDEA DIPLOMATIC

ئەم پەیپەرە هەوڵدەدات شیکاری ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبستانی سعوودیە و ئێران بکات، پاڵنەر و هەلومەرجە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تەتەڵەبکات، جگە لە خستنەڕووی ڕەهەندەکانی ئەم ناکۆکییە و کاردانەوە چاوەڕوانکراوەکانی لەسەر ناوچەی عەرەبی، بەتایبەتی دۆسیەی سوریا، هەروەک هەوڵدەدات دیارترین کاردانەوە و ئاستەنگە هەرێمییەکانی بەردەم شانشینی سعوودیە، لە ئەنجامی درێژەکێشانی ئەم ناکۆکییانە بخاتەڕوو، بەپێی تایبەتمەندێتیی دۆسیە هەڵواسراوەکانی ناوچەکە و ئەو لێکەوتە و بەرئەنجامە جیاوازەی، هەریەکەیان لێیان دەکەوێتەوە.

هەڵسوکەوتی ئێران و ستراتیژی کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخ

هەڵسوکەوتەکانی ئێران لە بەرامبەر سعوودیە و بەتایبەتی لەدوای گەردەلوولی خۆڕاگری و شڵەژانی ڕووبی ئێران، لە بەردەم ئەو سترائیژی بەرەنگاربوونەوەیەی، کە ڕیاز پەیڕەوی کرد لە ڕێگەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری یەمەن، کە وایکرد لایەنی ئێرانی بشڵەژێت، خەریکە کاردانەوەکانی دەربکەوێت، لەهەمبەر ڕەفتارەکانی دەوڵەتێک لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدا، بەرەو وەبەرهێنانی میدیایی ڕووداوەکان بە ئامانجی هاندان، وەک ڕووداوی کوژرانی حاجییەکان و قۆستنەوەی لەلایەن ئێرانەوە، پاشان ناڕەزایی و قۆستنەوەی لەسێدارەدانی پیاوی ئایینیی شیعەی سعوودی (نەمر ئەلنەمر) بە هەمان کاردانەوەی پێشبینینەکراو، لەلایەن ئارانەوە، هەرچەندە لە هەمان کاتدا ئەوە بە ئاماژەیەکی مەترسیدار دادەنرێت، بۆ سەرەتای دەستپێکردنی سەلماندنی پێگەی ئێران و کشانی بۆ ناو ماڵی سعوودیە، لەو ڕێگەیەشەوە کەڵکی لە چەند دەرهاویشتەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە، کە دیارترینیان ئەمانەیە:

1. لادانی واشنتۆن بەتەواوی بەلای ئاران و هەڵنانی بەرەو بەهێزکردنی و مسۆگەرکردنی بوونی وەک کاراکتەرێکی سەرەکی، لە هەموو دۆسیەکانی ناوچە، ئەوەش لە چوارچێوەی کارلێکەکانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و گەڕانەوەی ئێران بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

2. دابەشبوونی یەکڕیزیی وڵاتانی کەنداو و بەریەککەوتنی سیاسەتەکانی ناو ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو و کاریگەریی بارودۆخی قەیراناوی عەرەبی خنکاو، لەناو کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانیدا.

3. هەوڵدان بۆ وروژاندنی بارودۆخی ناوخۆی سعوودیە لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن، لە ڕووداوی لەسێدارەدانی پیاوی دیینی شیعە نەمر ئەلنەمر، (46) کەسی تر و هەوڵدان بۆ شێواندنی ناوچەی خۆرهەڵاتی شانشینی سعوودیە لە چوارچێوەی دروستکردنی پاشاگەردانیی ناوخۆیی.

4. ناڤیکردنەوەی سترائیژی نوێی سعوودیە، بەرامبەر ئێران بە شێوەیەکی جیددی، کە لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دروست بووە، ئاران لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی خۆڕاگری ناڤیکردەوە.

5. بەردەوامبوون لەسەر هەوڵی بوغزاندنی پێکهاتەی شیعەی عەرەبی، لە ڕێگەی وێناکردنی ئێران بەوەی، کە دەوڵەتێکە گرنگی بە شیعەکان دەدات، لە هەرکوێیەک بن، ئەنانەت ئەگەر لەدەرەوەی سنووورەکانیشی بن، ئەم سیاسەتەش تا ئەندازەیەک لە عێراق و یەمەن سەرکەوتوو بووە.

هەڵسوکەوتی سعودیە و ستراتیژی بەرەنگاربوونەوە

لە بەرامبەردا کاردانەوەی ئوندی سعودیە بەرامبەر ئاران، لە پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ڕەنگیدایەوە، ئەمە شێتکی سەیر و نامۆ نییە، بەو ئاستەی کە کاردانەوەیەکی پێشبینیکراوی سترائیژێکە، کە سیما و سەرەتاکانی لەگەڵ بوونی شا سەلمان بە پاشای سعوودیە دەرکەوت. ئەو سترائیژەی، کە پێدەچێت ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێران هەڵبژاردووە، لەژێر کاریگەری و پاڵنانی هەندێک گۆڕانکاریی گرنگی وەک:

– درککردنی سعوودیە بە سروشت و سنووری ڕۆڵی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، گۆڕانی لە چوونە ناو ململانێکان و نێوەگلان

قەیرانی سوریا سەرزەمینی هەرێمیی بۆ کێبرکێی نێوان ئێران و سعودیە

ئیایاندا، وەکو لایەنێکی پەیوەندیدار، بۆ جڵەوگیرکردنیان و بەرژەوەبردنیان، بۆیە دەکرێت بەڕوونی خوێندنەوە بۆ ئەو سترائیژ و بەدەنگەوەهاتنەی سعوودیە بکرێت لە چوارچێوەی گەردەلوولی خۆڕاگری لە قەیرانی ناوخۆی یەمەن و دەستپێشخەریکردن، بەنایبەتی لەدوای کزبوونی ڕۆڵی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

– نەتوانینی هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ئێران و شکستهێنانی چەند سیستمێکی نر، بەهۆی کاریگەریی چەند بارودۆخێکی خۆیی و بابەتی، ئەمەش پاڵی بە شانشینی سعوودیەوە نا، ڕووبکاتە میسر بۆ ڕێگرتن لە هەر کەوتن و شکستهێنانێکی هاوشێوە. لێرەوە پشتیوانیی سعوودیە بەرجەستە دەبێت، بە چاوپۆشین لە هەڵوێستی دەسەڵاندارەکان، کە یەکێکە لە خاڵەکانی ناکۆکی لە بۆتەی سیاسەتی دەرەوەی سعوودیە، کە ڕێگەخۆشکەر بوو، بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی سترائیژیی باڵا لەنێوان سعوودیە و تورکیا، بە پشتبەستنیان بە هاوبەشی ئابووری و گەڕان بەدوای قوواڵییەکی ئابووری (ئیسلامی) لە سایەی پووکانەوەی ڕۆڵی عەرەبیدا.

– فراوانبوونی پێگە و دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە لەدوای شەپۆلی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی (سوریا، عێراق، یەمەن، میسر)، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی میلیشیا سەربازییەکانی پەیوەست بە ئێران، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، جگە لە هەوڵەکانی پێکهێنانی شانە نوستووەکان لە کۆپی حزبوڵڵا لەناو شانشینی سعوودیە و کوێت و بەحرەین، ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئاساییشی نەتەوەیی عەرەبی و ئاساییشی کەندا.

– واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران، لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی و گەڕانەوەی ئاران بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسیی نێودەوڵەتی، کە ئەمەش لابردنی ئابڵۆقەی نێودەوڵەتی و دووبارە سازدانەوەی ڕۆڵی ئێران لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە، بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەموو ئەو گۆڕانکارییانە پاڵی بە سعوودیەوە ناوە، سترائیژیەنێک پەیڕەوبکات، کە بەند بێت لەسەر پێویستییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی، بەنایبەتی لە نێوەندی زۆری ناکۆکی و ململانێکان، کە لەم ڕێگەیەوە ئەگەری هەیە بەرەو هەڵکشان بچێت.

سێکوچکەی ورووژاندن و ئەگەرە کراوەکانی

بواری سەربازی هەمیشە فەزایەکی کراوەیە، بۆ هەڵکشانی کێرقی ناکۆییەکانی نێوان سعوودیە – ئێران، ئەمەش بە حوکمی فرەیی و زۆریی ناوچەکانی ململانێ لە ناوچەکەدا، کە هەردوو پێگە و هەژموونەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەپاڵ ئەو کەشی پاشاگەردانییەی، کە هەیە لەسەر چڕکردنەوەی هێزی سەربازیی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە ناوچەکەدا، بەهۆی ئەو دۆخەی سەپاندوویەتی بەهۆی گۆڕانکارییە ستراتیژی و سەربازییەکانی هەردوو هێز (سعودیە و ئێران). لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشە عەرەبییەکان و گەیشتنی شەپۆلی ڕووداوەکان بۆ سوریا، پاساوی دایە ئێران بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات، لە ڕێگەی (سوپای پاسدارانی ئێران) و کۆبوونەوەی هەموو لق و بەش و میلیشیاکانی لەناو هەرێمی جوگرافیی سوریا، وەک

بەردەوامبوون لەسەر هەوڵی بوغزاندنی پێکهاتەی شیعەی عەرەبی، لە ڕێگەی وێناکردنی ئێران بەوەی، کە دەوڵەتێکە گرنگی بە شیعەکان دەدات، لە هەرکوێیەك بن، تەنانەت ئەگەر لەدەرەوەی سنووركانیشی بن، ئەم سیاسەتەش تا ئەندازەیەك لە عێراق و یەمەن سەركەوتوو بووە.

(حزبوڵڵا، میلیشیا عێراقییەکان، میلیشیا ئەفغانییەکان) لە بەرامبەر دروستکردنی گرووپێکی نازە لە میلیشیا بە ناوی (حزبوڵڵای سووری) و زیادکردنی پشتیوانی و یارمەتییەکانی لە عێراق و یەمەن. ئەمڕۆ لەدوای گەشەسەندنی ناکۆکیی نێوان سعوودیە و ئێران، هەموو ئەم بواره سەربازییانە بە گۆڕەپانی پێشبینیکراو بۆ هەڵکشانی ململانێ و وەڵامدانەوە دادەنرێت، بەڵام ئەو جوگرافیایەی کە زیاتر ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەگەری هەڵکشانی سەربازی لەلایەن ئێران، ئەوەیە کە لەسەر سنووری سعوودیە دروستبووە بەهۆی دۆسیەی یەمەن، بەتایبەتی لەگەڵ ئەگەری پەککەوتنی ڕێڕەوی دانوستانەکان. لە بەرامبەردا لەوانەیە سوریا لە بەرەی ئێرانییەکانەوە، نەبێتە بواریکی فراوانتر لەو هەڵکشانە سەربازییەی کە بوونی هەیە، ئەمەش بەرئەنجامی سنوودرایی ڕۆڵی ئێرانە لە سایەی پێگەی ڕووسیا، لە ناوچەکەدا، کە خۆی وەک هێزێک لەسەر زەوی سەپاندووە، لە بەرامبەر دەچۆڕاندنی هێز و ئوانای سەربازیی ئاران بە درێژایی (5) ساڵی ڕابردوو.

لە بواری ســەربازی: سعوودیە و ستراتیژی وەڵامدانەوە

ستراتیژی سەربازیی شانشینی سعودیە لەسەر دەستپێشخەریی کرداری، بۆ وەڵامدانەوەی کار و پەرچەکردارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دروست بووە، ئەمەش لە گەیشتنی دەستی حوسییەکان بە سەنعا و وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی، لە ڕێگەی گەردەلوولی خۆڕاگری خۆی دەبینێتەوە، سەرەڕای پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا، بەهۆی فراوانبوونی پێگەی ئێران لەسەر زەوی، لە کاتێکدا ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژی قوولتر، بەڵای سعودیەوە لە چوونە ناو دۆسیەی عێراق بەرجەستە دەبێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی نازە و زۆر کاریگەرتر، ئەمەش لەدوای ناوونوێکردنی هەڵەکانی ڕابردوو، کە ڕیاز نێیان کەوت، وەک ڕازیبوونی بە مالیکی لەجیاتی عەلاوی، لە کاتێکدا فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی، گەورەتر بوو بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی حکومەتی عێراق، سەرەڕای پشتگوێخستنی ئۆپۆزسیۆنی سوننیی عێراقی، کە بەشدار بوون لە کاری سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ڕێکخراوە ئیرۆریستییەکان، وەک میلیشیا شیعییەکان و ڕێکخراوی داعش.

لە بواری سیاســی: بەهێزکردنی سیاســەتی تەوەرەکان

لەوانەیە فەزای سیاسیی نێودەوڵەتی و هەرێمی بواریک بۆ هەڵکشانی ناکۆکیی نێوان سعوودیە – ئێران دروستبکات، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پێکهاتەی چاوەڕوانکراوی سیستمێکی هەرێمیی نوێ، کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی سیستمی سیاسیی نێودەوڵەتییەوە، ئەمەش هۆشداریيە بۆ هەڵکشان و گەرمبوونی ئەو ململانێیە، لەڕووی سیاسییەوە بەگوێرەی ڕێڕەوەی گرنگیپێدانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی هاوپەیمانێتییەکان، لەپێناو دەستەبەرکردنی چەترێکی سیاسیی فراوان بۆ هەر جموجوولێکی چاوەڕوانکراوی هەردوو هێزەکە، کە چەند ئەنجامێکی لێدەکەوێنەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

حەسەن نەسروللا

1. بەهێزکردنی سیاسەتی ئەوەرەکان لە ناوچەکەدا بەپێی چەند دەروازەیەکی دیاریکراو، کە دیارترینیان دەرهاویشتەیەکی ئائیفی (سوننی – شیعی)یە، کە ئێران هەوڵدەدات بەو ئاراستەیەدا بڕواتْ، ئەمەش ئەحەددایەکی گەورەیە بۆ سعودیە، لەبەرئەوەی کە هاوپەیمانێتییەکانی ئێران کۆن و ئامادەیە، بەڵام سعودیە چەند بارگرانییەکی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووریی گەورەی لەسەر شانە بۆ بەدەستهێنانی (بازاڕ)ی هەڵوێستە سیاسییەکانی هەندێک لە دەوڵەتانی سوننە، کە ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و ناسەقامگیرەیان قۆستووەتەوە، خۆیان بە دەوڵەتێک نازانن، کە بکەونە بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران بەتایبەتی (میسر، سودان، پاکستان).

2. کاریگەریی ململانێکە لەسەر پەکخستنی دانوستانەکانی یەمەن، لە کاتێکدا دانوستانی چاوەڕوانکراو لەسەر کێشەی سوریا، وەک بواریکی فراوان دەرناکەوێت بۆ پەکخستن بەگوێرەی مەرجی سەپێنراوی نێودەوڵەتی و ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی ڤیەننا کەوتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە عەرەبستانی سعوودیە، هەوڵدەدات پاڵپشتی ڕێڕەوی سیاسی چارەسەرکردن بکات، هەوڵی ڕێکخستنی پرۆسەی دانوستانەکان دەدات، لەپێناو شەرمەزارکردنی لایەنی ئێرانی و شاندەکەی.

لە بواری ئابووری: پەنجەکرۆشتن

بواری ئابووری یەکێکە لە سێکنەرە گەرمەکان بۆ هەڵکشانی کێرڤی ئەو ململانێیانە، بەتایبەتی لەدوای بڕیارەکەی ئاژانسی وزەی ئەنۆم، کە ئێران پابەندی کردووە بەو بەند و بڕگانەوە، کە لە ڕێککەوتننامە ئەنۆمییەکەدا واژۆی لەسەریان کردووە، ئەمەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا ناچاردەکاتْ، سزا ئابووریییەکانی سەر ئێران هەڵبگرن. دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لەسەرووی هەموویانەوە سعودیە، زیانێکی گەورەی بەرکەوتْ لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوتْ، هەمان ئەو زیانەی لە ئێرانیش کەوتْ، بەڵام وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لەم بوارەدا، پشتْ بە چەند ئایەتەمەندییەک دەبەستن، کە ئێران نییەتی، وەک ئەو سندوقە دارایی سیادییەی، کە وڵاتانی کەنداو هەیانە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەکانیان، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتْ، لە کاتێکدا سعوودیە و وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو بەردەوامن لەسەر پارێزگاریکردن لە ئاستی تێسنای بەرهەمهێنانی نەوتْ و کەمنر نەکردنەوەی، ئەمەش نرخی نەوتْ لە ئاستێکی نزمدا دەهێڵێتەوە.

لەوانەیە کاربەدەستانی سعوودیە کەونبنە ژێر فشاری ئەمەریکا، یان فشاری سوننەکانی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبییەوە، ناوەکو دوای چەندین ساڵ لە داخرانی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا بکانەوە، لەبەرئەوەش وەک پەرچەکردارێکی ئیسنیفزازییانە وادەی کردنەوەی باڵیۆزخانەکەی و لەسێدارەدانی ئەلنەمری خستە یەک ڕۆژەوە. بە دیوێکی نردا پێدەچێتْ هۆکارەکەی بگەڕێنەوە، بۆ سەرنەکەوتنی پلانەکەی سعوودیە لە شکسپێهێنانی ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتانی خۆرئاوا و ئێران، سەبارەتْ بە بەرنامە ئەنۆمییەکەی و سەرکەوتنی ئێران لە بەدەستهێنانی منمانەی خۆرئاواییەکان لەدوای ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنەوە، کە یەکێک لە گەورەترین بڕگەکانی برینییە لە نیشاندانی ئامادەیی ئەمەریکا و دەوڵەتانی خۆرئاوا بۆ هەڵگرتنی سزا سیاسی و ئابووریییەکان لەسەر نارانن، ئەوەش بەدڵنیاییەوە دەبێنە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنەوەی پێگە و کاریگەرێنیی هەرێمیی ئێران و بەدیهاتنی ئامانج و خواستە سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا، ئەوەش کاربەدەستانی سعوودیەی نەواو نیگەرانکردووە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا، نرس و دڵەڕاوکێی سعوودیە و وڵاتانی کەنداو لەهەمبەر فراوانبوونەوەی پێگە و هەژموونی ئێران، لەسەر ناوچەکە زیادیکردووە، ئەمەش پاڵی

حوسییەکانی یەمەن چەقی ململانێی تاران و ریاز

بە حکومەتی سعوودیەوە ناوە، بۆ گرتنەبەری چەند ڕێگەیەکی تر بۆ شکستپێهێنانی ئەو پێگە سیاسی و دیپلۆماسییەی، کە ئێران لەدوای ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بەدەستیهێناوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی هەنگاوی لەسێدارەدانی شێخ نەمر ئەلنەمر و دوای ئەوەی هەموو هەوڵ و نەقەللاکانی سعوودیە، بۆ گورزوەشاندن لە قورسایی و پێگەی ئێران شکستیان خوارد.

لەبەرئەمە ئارانی شەکەتبوو، بەهۆی کاریگەریی سزای ئابووری و داچۆڕینی وزە و ئواناکانی لە بواری ئابووریيەوە، پێش سەربازی لە سوریا و یەمەن، ئوانای ولاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری لەسەرووی هەموشیانەوە سعوودیە دێت بۆ خۆڕاگرتن لە بەردەم شۆکی دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا، ئەمەش ئێران دەخاتە بەردەم چەند قەیرانێکی پێشبینیکراو، لە بواری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. یەکێک لە سیاسەتە نەگۆڕەکانی ئێران لە ناوچەی عەرەبیدا، بریتیيە لە کشانی پێگە و هەژموونی هاوتەرا لەگەڵ گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، بۆیە ئاماژە و ئەگەرەکانی هەڵکشانی کێرقی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سعودیە، لە سەرجەم گۆڕەپانەکانی ململانێدا، کە هەردوو هێز پێکەوە کۆدەکاتەوە زۆر گەورەیە و پێدەچێت بگاتە ئاستی بەریەککەوتن و پێکدادان لەناو ئاوی کەنداو، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوانیان دوادەکەوێت بۆ ئایندە، بەڵام هەر ڕوودەدات.

قورسایی هەرەگەورە دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەتانی هاریکاریی کەنداو، لەسەروشیانەوە سعوودیە لە بەردەم پێگەی ئێران، بۆیە بەڕێوەبردنی ئەم ململانێیە بەپێی دەرهاویشتە و ئامرازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی هەموو دۆسییە هەڵپەستێردراوەکان، پێویستی بە ستراتیژێکی نۆکمە و بەهێز هەیە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە دەبێت دیدگای کەنداوییەکان یەکبخرێت، بەدیاریکراویش سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، لە هەمبەر

دۆسیەی سوریا و دۆسیەی میسر لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێران. دابەشکردنی ڕۆڵ لە چوارچێوەی ئەم ململانێیە لەنێوان دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو بەڕوونی و پەیڕەوکردنی ستراتیژی "دەوڵەتانی نەوق"، کە پچڕینی پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکان بەتەواوی دەگرێتەخۆ، جگە لە ئۆمەتبارکردنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، مانەوە لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژە لەسەر عوممان، کە لە پەراوێزی دانوستانەکاندا دەوڵەتێکی بێلایەنە، هەروەها هەوڵدان بۆ ڕیزکردنی هەموو باڵە سەربازییەکانی ئێران، لە لیستی ئیرۆری عەرەبی و جیهانیدا. یەکێکی تر لە ئامانجەکان بریتییە لە دووبارە تاووتوێکردنەوەی دۆسییەکانی

سەرەڕای پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا، بەهۆی فراوانبوونی پێگەی ئێران لەسەر زەوی و ستراتیژی قوولتر، بەڵای سعودیەوە لە چوونە ناو دۆسیەی عێراق بەرجەستە دەبێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی تازە و زۆر کاریگەرتر، ئەمەش لەدوای تاووتوێکردنی هەڵەکانی ڕابردوو

ئێران، لە ئەنجوومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی و وروژاندنی بەریەککەوتنی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران، لە هەموو دۆسییە هەڵپەسێردراوەکاندا، وەک دۆسیەی دورگەکانی ئیمارات، پشتیوانیکردنی دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ لەناو ئێران (کێشەی ئەهواز)، بەرزکردنەوەی دۆسیەی پێشێلکارییەکانی میلیشیا ئێرانییەکان لە وڵاتانی عەرەبی، لەپێش هەموویانەوە سوپای پاسدارانی ئێران بۆ بەردەم دادگای ناوانی نێودەوڵەتی.

پێدەچێت ململانێی ئائیفی لە ناوچەکەدا، پەردەی لادابێت لەسەر هەموو چەمکە کلاسیکییەکانی پێشوو لە بابەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی ململانێی عەرەب – ئیسرائیل و.. هتد... ئەم گۆڕانەی کە لە ململانێکان و چەمکەکاندا لەلایەن ئیسرائیل و هێزە خۆرئاواییەکانەوە بەرجەستە بووە، وەک یەک حسابی بۆ دەکرێت. ئەو دۆخەی ئەمڕۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا گوزەردەکات، بریتییە لە ململانێی نێوان دوو دەوڵەتی ئیسلامیی کاریگەر و ئوند بە حوکمی ناکۆکیی مەزهەبیی نێوان (سوننە- شیعە)، هەریەکەشیان هەوڵدەدات، ململانێی ئائیفی بخاتەگەڕ لە بازنەی ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوە هەرێمییەکاندا، لەپێناو درێژەپێدانیان بە دۆخی ئاڵۆزبوون و ململانێکانیان لە ناوچەکەدا و کۆنترۆڵکردنی دۆسیە گەرمەکانی و بەڕێوەبردنی شەڕ بە وەکالەت، لە عێراق و سوریا، یان لە یەمەن و لوبنان، ئەمە سەرەڕای چاوپۆشیکردنیان لە ڕۆڵی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تر، لە بۆتەی ئەو ململانێ هەرێمییەدا، کە بەرە بەرە ڕووبەرەکەی فراوانتر دەبێت.

یەکخستنی ئواناکانی دەوڵەتانی کەنداو لەگەڵ هەڵوێستی تورکیا، بۆ گەیشتن بە نێڕوانینێکی ڕوون دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانکارییانە بێتەوە، کە بەهۆی دەستێوەردانی ڕووسیا لە کێشەی سوریا لەڕووی سەربازی و دیپلۆماسییەوە دروست بووە، ئەمەش پێویستی بەوەیە سعوودیە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆسیەی سوریا، سیاسەت و پەیڕەوی خۆی بگۆڕێت. بەو ئاستەی ئەم ململانێیە مەترسییە لەسەر سعوودیە و وڵاتانی کەنداو، بەڵام دەرفەتێکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ دووبارە باشکردنی ڕەوشی سەنگەرگرتنی هێزەکان لە ناوچەکەدا و خۆپاراستن لەو هەڵانەی، کە بە درێژایی چەندین دەیە ڕوویداوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ڕووەداتە، جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دواخراو چیتر نییە، لە ئەنجامی پشتگوێخستنی دۆسییەی ئێران و پەلهاویشتنی پێگە و دەسەڵاتی، تا ئاستی کەوتنی چوار پایتەختی عەرەبی و گەیشتنی بۆ سەر سنووری سعوودیە. کەواتە سەرکەوتنەکانی ئێران بەهۆی شکستی سیاسیی هێزە عەرەبی و کەنداوییەکان و نەبوونی ستراتیژێکی ڕاستەقینەوە بووە.

سەرچاوە:

سەنتەری عمران بۆ توێژینەوەی ستراتیژی
https://www.alsouria.net/content
http://annabaa.org/arabic/authorsarticles/4860

وەهابیزم و تیرۆر

سعودیە ئاگرەکە هەڵدەگیرسێنێت، یان دەیکوژێنێتەوە؟

سایمۆن هاندرسۆن
لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک
IDEA DIPLOMATIC

سایمۆن هاندرسۆن

وەڵامی من لەسەر پرسیارەکەی ئەمڕۆ، کورت دەبێتەوە لەسەر ئەوەی کە سعودیە توانیویەتی ڕۆڵی داگیرسێنەری ئاگرەکە بگێڕێت و ڕەنگە بەردەوامیش بێت لەسەر ئەو ڕۆڵە. بەڵام پێویستە لەسەر ئێمە وەک ویلایەتیەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانمان، هاوکاریی شانشین بکەین بۆئەوەی ببێتە پیاوی ئاگرکوژێنەوەکە، کە ئێستا لە سەروبەندی جێبەجێکردندایە. بەڵام لێرەدا وەڵامێکی درێژتر هەیە، خۆی لە پسپۆڕییەکەی من دەبینێتەوە کاتێک، کە سەرقاڵ نابم بە نووسینی وتارێک لەسەر قەتەر وەک ئەوەی لەو هەفتەیەدا ئەنجامماندا، لەسەر خێزانی شانشینی سعودیە دەنووسم. ئەمڕۆ لێرەوە دەمەوێت لە سێ وتاردا چەند پەرەگرافێک هەڵبهێنجێنم دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئال سعود بەو هێرشە تیرۆریستییانەی لە یانزەی سێپتەمبەر، کرایە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

لە 12ی کانونی 2002دا، وتارێکم لە ڕۆژنامەی وول ستریت جۆرنال بە ناوونیشانی "شێوازی سعودی" نووسی. ئەو هۆکارەی پاڵی پێوەنام ئەم وتارە بنووسم، لێدوانێکی سعودیە بوو، لەسەر ڕێگەنەدانی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بەکارهێنانی خاکی سعودیە وەک دەروازەیەک بۆ هێرشکردنە سەر عێراق. لەو وتارەمدا ئاماژەم بە چیرۆکیک دابوو، کە لە گۆڤاری یو. ئێس. نیوز & وورلد ڕیبروت لە9ی کانونی دووەمی 2002 بە ناوونیشانی "خەرجیەکانی شازادە" بڵاو کرابووەوە. لەو وتارەمدا وتوومە: ئەو چیرۆکە بەڵگەیەکی پێشکەشکردووە، کەم کەس هەیە بەدواداچوونی بۆ کردبێت و نێیدا هاتووە: "دوو بەرپرس لە ئیدارەکەی کلنتۆن، کە گۆڤارەکە ناسنامەیانی ئاشکرا نەکردووە، بە گۆڤارەکەیان ڕاگەیاندووە دوو شازادەی دیاری سعودی هەر لە کاتی ئەقینەوەکەی ڕیاز لە ساڵی 1995، کە بووەهۆی کوژرانی پێنج ڕاوێژکاری سەربازی ئەمەریکی، پارەیان داوە بە ئوسامە بن لادن". لە زاری بەرپرسێکی سعودیشەوە وترا: بەڵگەنامەکان لە کوێن؟ هیچ کەس بەڵگەیەکی پێشکەش نەکردووە.

هەر لەو نارەکەمدا ئاماژەم بەو داوە، کە کاتێک بەدواداچوونم بۆ ئەو بەڵگەنامانە کرد، هەر زوو بەرپرسانی ئەمەریکا و بەریتانیا ناوی دوو گەورەشازادەیان پێدام. ئەو دوو شازادەیە پارەی فەرمیی سعودیە-یان نەک پارەی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، داویانە بە ئوسامە بن لادن تا کێشە لە ناوچەی نێردا دروستبکات، نەک لە شانشینی سعودیە، ئەمەش" شێوازی سعودی"یە. ئەو بڕە پارانەش بۆ ئەو مەسەلەیە نەرخانکراوە گەیشتووەتە" ملیۆنان دۆلار"و تا ڕووداوەکانی یانزەی ئەیلوولیش بەردەوام بووە. بەم دواییانەش لە بەرپرسێکی بەریتانیم پرسی، ئەگەر هەیە پێدانی ئەو پارانە تا ئێستا لەئارادا بێت. ئەویش وتی: ئومێدەوارم، بەڵام دڵنیا نەبوو.

پاشان سێ ساڵی پێچوو تا ناوی ئەو شازادانەم هێنا. ئەویش ئەنیا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، چونکە لەکۆنایيدا تا ئەوکاتەش لە ژیاندا مابوون. دواتر لە وتارێکی ترمدا کە لە ڕۆژنامەی وول ستریت جۆرنالّ بە ناوونیشانی "سعودییەکانی وەکو برینجیف" لە بەرواری 3ی ئابدا بڵاوکرایەوە (ئەویش دوو ڕۆژ بەر لە مردنی شا فەهد) بوو نوسیم: "واشنتۆن بەڕوونی ویستی خۆی نەشاردووەتەوە، لەسەر وەرگرتنی سوڵتان (وەزیری بەرگری) یان نایف (وەزیری ناوخۆ) ئەختی پاشایەتی، چونکە هەردووکیان ئەوەندە کراوە نین و پێیانوایە لە ڕابردوو، چەند ئەنازولێکیان بۆ ڕێکخراوی قاعیدە کردووە، تا هەڕەشەکانیان ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بکەن نەک سعودیە.

ئەو کەرەستانەم بەکارهێنا، کاتێک ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی کۆنگرێس لەسەر دەستدرێژەییەکانی یانزەی سێپتەمبەر خرایەوە بەرباس، کە

بنەماڵەی ئال سعود

28 پەرەگرافی کەم بوو، لە ئەموزی 2016دا. دوانر لە وتارێکم لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی بە ناوونیشانی " ئەوەی کە دەیزانین لەسەر ڕۆڵی شانشینی سعودیە لە ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر" ئاماژەم بە چەند وشەیەک کرد، کە لاپەڕەی 436دا هاتبوو، کاتێک ڕاوێژکاری یاسای گشتی لە وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکی، دێقد ئەوفهاورس شایەتی خۆی دا و وتی: نووسینگەکانی دامەزراوەیی خێری سعودی"الحرمین" پەیوەندییەکی زۆرییان بە تۆندڕەوەکان، تۆندڕەوە ئیسلامییەکان" هەبووە. دوانر لەو لاپەڕە نهێنییەی، کە پێشتر لە شایەتی ئەو بەرپرسانەدا هەڵهێنجرابوو، ئەوانەی لە" دەزگای هەواڵگری ناوەندی" ئەمەریکی بوون و ناویان نەهێنرا، ئێدا ئاماژە بەوە کراوە، کە سەرۆکی نووسینگەی ناوەندییە لە "حەرەمەین" لە پشتیوانیکردنی تیرۆر تێوەگلاوە، لە هەمان کاتدا چەند پرسیارێک لەبارەی شازادە نایف ــ یش وروووژێنرا".

کۆتایی وتارەکەشم بەوە هێنا و وتم: پڕوپاگەندەی سعوودییەکان و ئەنانەث ئەمەریکییەکانیش، بە نەبوونی هیچ بەڵگەیەک، کە ئاماژە بەوە بکاث، حکومەتی سعوودیە وەک دامەزراوەیەک، یان گەورە بەرپرسانی سعوودی بە شێوەیەکی یەک لایەنە پشتیوانییان لە هێرشەکانی یانزەی ئەیلوول کردبێث" وایکرد دووربکەوینەوە لە ئەگەری، یان پێداچوونەوە بـەوەی، کە کاروباری گەورە بەرپرسانی سعوودی، بووەنەهۆی ئەنجامدانی ئەو هێرشە تیرۆرستییە. پاشان بەردەوام بووم و وتم: من هەرگیز نەموتووە، کە حکومەتی سعودی، یا چەند ئاکتێک لە خێزانی شانشین، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتیوانییان لە هێرشەکانی یانزەی ئەیلوول کردووە. بە جۆرێک کە لەکۆتاییدا پارەی فەرمیی سعودی بەبێ هیچ گومانێک، کەوتووەتە ناو گیرفانی هێرشبەرەکان. جارێک لە بەرپرسێکی بەریتانیم پرسی: چۆن ئێمە بزانین؟ لە وەڵامدا وتی: "لە چ هەژمارێک ئەو پارەیە هاتووە، لەکوێ گیرساوەتەوە".

گەر بێینە سەر کاتی ئێستاش، بێگومان ئێران ڕووداوەکانی ئەو دواییە دەخاتە سەر ئەستۆی سعوودیە بەهۆی ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ئێران، بە خۆیەوە بینی لە کاتی ئێستادا. هەر بە کردەوەش" پاسەوانی شۆڕش"ی ئێرانی ئەوەیان کرد، بێگومان سعوودیەش ڕەتیدەکاتەوە و بە تووڕەبوونێکەوە هەر تۆوەگلانێکی لەم کارە ڕەتدەکاتەوە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش، سەرباری ئەو هەوڵانەی دەدرێن، بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو مشتومڕانە، کەچی مشتومڕێکی زۆر دەکرێث لەسەر تۆوەگلانی بەرپرسانی سعوودیە لەسەر هێرشەکانی یانزەی ئەیلوول. بۆ منیش دوو پرسیاری سەرەکی دێنەئاراوە:

1. سعوودیە چۆن دەتوانێث قەرەبووی ئەو ئاوانەی بکاث، کە لە یانزەی ئەیلوول ئەنجامیداوە پێش شانزە ساڵ پێش ئێستا؟

2. چۆن بتوانین بەشدار بین، یان یارمەتیدەر بین، یان پێداگری بکەین لەسەر ئەوەی سعوودیە هەوڵی زیاتر بداث، بۆ وەستاندنی کارە تیرۆریستییەکانی بوونەتە مایەی هەڕەشەیەکی ترسناک بۆ سەر داهاتووی ناوچەکە و جیهانیش؟

روبەڕووبوونەوەی ئێران و سعودیە؛ ناردنی پەیام لە بارەگای موجاهیدینەوە

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد
IDEA DIPLOMATIC

کۆبوونەوەی ســـالانەی موجاهیدینی خەلقی ئێران پار لە فەڕەنســـا بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیدا وتەکانی شـــازادە (تورکی فەیســـەڵ) بەڕێوەبەری پێشـــووی دەزگای هەواڵگری و ئاساییشی عەرەبستان سەرنجەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.
بە نزیکەیی لە ســـەرجەم کۆبوونەوە ســـالانەییەکانی موجاهیدیندا، ژمارەیەك لە کەســـایەتییە سیاسییە ئەورووپایی و ئەمەریکاییەکان، کە لە کاتی ئامادەبوونیاندا پۆستی ڕەسمییان نەبووە، بەشدار بوون و پشتیوانییان لەو ڕێکخراوە کردووە.

میوانی چاوەڕواننەکراو

لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە کۆبوونەوەکانی موجاهیدیندا بەرچاو کەوتوون، ناوێک زیاتر لەوانی تر سەرنجی ڕاگەیاندنەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، کاردانەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێکەونەوە، ئەویش شازادە (تورکی فەیسەڵ) کوڕی شای پێشووی سعوودیە و بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری بوو.

ڕاستە کە تورکی بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگریی سعوودیە بووە، بەڵام ئەو کوڕی شای پێشووی عەرەبستان و ئەندامێکی کاریگەر و دەسڕۆیشتووی خانەدانی پاشایەتییە. پێگە و پێشینەی تورکی فەیسەڵ بەتایبەتی لە کاتی پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی و ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بە سەرۆکایەتیی سعوودیە، گرنگییەکی زۆر زیاترە و وتارەکەی لەو کۆبوونەوەیەدا کاریگەریی زۆری، لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبوو.

تۆندیی وتارەکەی بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری و ئاساییشی عەرەبستان، کە تاماژەی بەوە کرد، پێویستە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕابەرانی ئێستا و پێشووی بوەستنەوە، جەختی لەسەر ڕووخاندنی حکومەتی ئێستای ئێران کردەوە، کاتێک لە ئەو دوو وڵاتە هیچ پەیوەندییەکی سیاسی لەنێواندا نەماوە، هیچ شیکار و لێکدانەوەیەکی بێجگە لە دوژمنایەتی هەڵناگرێت. لای خۆیەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پەیامە نێگەیشت و تامادە بوون، وتەکانی تورکی فەیسەڵی بە هەڵوێستی تاکەکەسیی خۆی لێکنەدایەوە، بەڵکو وەک هەڵویستی ڕەسمیی عەرەبستان لێکدایەوە و بە دوژمنایەتی لەقەڵەمی دا و مەحکومی کرد.

گومان لەوەدا نییە، کە تامادەبوون و پێشکەش کردنی وتار لەلایەن تورکی فەیسەڵەوە، لە کۆبوونەوەی موجاهیدینی خەلق بە واتای بە ڕەسمیبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو ڕێکخراوە و دەوڵەتی سعوودیە دێت.

بەڵام بۆچی عەرەبستانی سعوودی لە سالانی ڕابردوودا بوونی ناکۆکییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، خۆی لە هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا دەپاراست، بەڵام ئێستا بێنرس دەستی بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری دەکاتەوە، لە کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوەدا بەشدار دەبێت و بە تۆندترین شێوە باس لە پێویستیی ڕووخاندنی سیستمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات؟

دوای هاتنە سەر حوکمی شای نوێی عەرەبستان و گرووپە نزیکەکە لە خۆی، سەرجەم ڕووداوەکان ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانیان زیاتر کرد. هاوکات لەگەڵ تۆندتربوونی هەڵوێستەکانی ڕیاز بەرامبەر تاران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوانە، ئایەتوڵڵا خامنەیی و فەرماندەکانی سوپا هەڵویستی خۆیان بەرامبەر عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی، لە ناوچەکەدا تۆندترکردووە.

لەسێدارەدانی شێخ نەمر باقر نەمر، کەسایەتیی شیعەی ناسراو لە عەرەبستانی سعوودی و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی سعوودیە لە تاران، بووەهۆی پچڕانی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە، گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە یەمەن، عێراق، سوریا و بەحرەین لە ڕووکاردا جێگەیەک بۆ پەردەپۆشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستان و موجاهیدین نەهێشتووەتەوە.

لەو هەلومەرجەدا پشتیوانیی تاشکرا و ڕاستەوخۆ لە هێزەنەیارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پەیامێکە تاران بەتەواوی هەستێ بە تۆندییەکەی دەکات و لە کاردانەوە و پەیوەندی و گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

لە لایەکی تریشەوە موجاهیدینی خەلق، کە لەم ساڵانەی دواییدا و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، لەناو کەمپی تەشرەفدا لە عێراق فشاری زۆریان لەسەر بووە، هۆکارێک نادۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەم هاوکارییە تاشکرایە و ناردنی پەیامێک بۆ تاران ڕەتبکاتەوە.

ئامانجی سەرەکیی موجاهیدین ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بوونیان لەسەر خاکی عێراق لە کاتی شەڕی عێراق - ئێراندا بەڕوونی سەلماندی، کە ئەم ڕێکخراوە، چەندێک ئامادەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی خۆی هەوڵبداتْ. لەبەرئەوە ئەم ڕێکخراوە بەئایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا هەبوونی هاوپەیمانێک یان یارمەتیدەرێکی ئاشکرای وەک عەرەبستان، وەک ڕووداوێکی ئەرێنی دەبینێنەوە.

ئێران: ناکرێت گومان لە پەیوەندیی نێوان سعوودیە و موجاهیدین بکرێت

یەکێک لە ئەندامە جیاوەبووەکان لە موجاهیدین، پەردە لەسەر پەیوەندیی دێرینی موجاهیدین لەگەڵ ئیسرائیل و عەرەبستان لابردووە، وردەکاریی ئەو پەیوەندییانەی خستووەتەڕوو.

وەک لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران بڵاوکراوەتەوە، (مەریم سەنجابی) یەکێک لە ئەندامانی پێشووی موجاهیدین ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەڵگە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو ڕێکخراوە و سعوودیە هەیە. "ڕێکخراوەکە یارمەتیی دارایی لە عەرەبستان و ئیسرائیل وەردەگرێتْ، لە کوشتاری هاووڵاتییانی عێراقیدا دەستی هەبووە. لای خۆیەوە ئەمیر عەبدوڵڵایان جێگری پێشووی وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندووە، کە ناکرێتْ گومان لە پەیوەندیی نێوان موجاهیدین و سعوودیە بکرێتْ، بەئایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، ناوبراو دوای ئاماژە کردنی بە وتەکانی تورکی فەیسەڵ وتوویەتی، کە پشتیوانیی ئانوری و ئاساییشی عەرەبستان بۆ موجاهیدین بە هەموو شێوازێک، لە بەرنامەی کاری ڕیازدا بووە. ناوبراو ئاماژەی بە هەڵەی ستراتیژیی بەکارهێنانی تیرۆریزم، لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان کردووە و ڕایگەیاندووە، بەم کارە ڕیاز ناوچەکە ئووشی زیانێک دەکاتْ، کە قەرەبووناکرێنەوە.

لای خۆیەوە حسێن شێخولئیسلام ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندووە، کە پەیوەندییەکانی عەرەبستان لەگەڵ موجاهیدین پەیوەندییەکی دێرینە، بەڵام لە ئێستادا ئاشکرا بووە. لە هەمان کاتدا (ئەحمەد دەستمالچی) باڵیۆزی پێشووی ئێران لە لوبنان ڕایگەیاندووە، کە عەرەبستان یارییەکی مەترسیداری لە ناوچەکەدا دەستپێکردووە و دەرەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێنەوە.

بە وتەی ناوبراو موجاهیدین و عەرەبستان بەردەوام و لەمێژە

مریەم ڕەجەوی

هاوکاریی یەکتر دەکەن،دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەلایەن عەرەبستانەوە پشتیوانی دارایی دەکرێن، لە ئێستاشدا خاڵێکی تر لە پەیوەندیی نێوانیان ئاشکرا بووە و سعوودییەکان پەردەیان لەسەر پەیوەندییە نهێنییەکانیان هەڵماڵیوە، لە ئێستادا سعوودیە بانگهێشتی بەرپرسێکی باڵای موجاهیدین بۆ وڵاتەکەیان دەکاتْ. ئەو باڵیۆزەی پێشوو ئاماژەی بەوەش کردووە، کە "ئال سعوود لەبەرئەوەی لەگەڵ گرووپی تیرۆریستیی موجاهیدین، ڕاستەوخۆ دەستْ لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەداتْ، داهاتوویەکی ناخۆش چاوەڕوانی دەکاتْ، چونکە لەگەڵ ئەوانەی دەستیان بە خوێنی هاووڵاتییانی ئێران سوور بووە، هاوکاری دەکاتْ و پیلانی تریان لەژێر سەردایە."

خوالێخۆشبوو (مەسعوود ڕەجەوی)

بێجگە لە وتە تونەکانی تورکی فەیسەڵ، وتەیەکی تری ناوبراو سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا، ئەویش ناوبردنی مەسعوود ڕەجەوی بە خوالێخۆشبوو. لەو کاتەدا هیچ یەکێک لە ئامادەبووان بە (مەریەم ڕەجەوی)شەوە کاردانەوەیان نەبوو، بەڵام دواتر لە دەقە بڵاوکراوەکان لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە وشەی (خوالێخۆشبوو) لابرابوو. لەو بارەیەوە (شاهین قوبادی) وتەبێژی موجاهیدن لە

کاردانەوەیەکدا ڕایگەیاند، کە وتەکانی تورکی فەیسەڵ بەهەڵە لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

مەسعوود ڕەجەوی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە عێراق، بە وتەی موجاهیدین لە شوێنێکی نادیار ژیان بەسەردەبات، دوا پەیامی دەنگیی مەسعوود ڕەجەوی ساڵی 2014 بووە، لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ پەیامی نووسراوی بڵاوەکراوەتەوە، لەبەرئەوە گومانەکان لەبارەی مردن یان زیندووبوونی مەسعوود، هیچ پەیامی دەنگی و وێنەیی دەڕەوێنەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دووبارە ئەوە جێی پرسیارە، کە ئایا کەسێکی وەک بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگریی وڵاتێک، کاتێک دەیەوێت لەگەڵ هیزێکی نەیار گفتوگۆ بکات، ئاگاداری مردن یان ژیانی ڕابەرەکەی نییە و بەسادەیی هەڵەیەکی بەو زەقییە دەکات؟

ناوێك زیاتر لەوانی تر سەرنجی ڕاگەیاندنەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، کاردانەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێکەوتەوە، ئەویش شازادە (تورکی فەیسەڵ) کوڕی شای پێشووی سعوودیە و بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری بوو.

کاردانەوەی ئێران بەرامبەر پەیوەندییەکانی نێوان موجاهیدین و سعوودیە

ئامادەبوونی شازادە تورکی فەیسەڵ لە کۆبوونەوەی موجاهیدین لە فەرەنسا شەپۆلێک لە کاردانەوەی لەلایەن بەرپرسان و ڕاگەیاندنەکانی ئێرانەوە لێکەوتەوە. کۆبوونەوەکەی فەرەنسا لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، مەحکومکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونی تورکی فەیسەڵ وەک ئەندامێکی شانشینی سعوودیە، کە دوو دەیە بوو، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری و ئاساییشی سعوودیە بووە، بووەهۆی ئەوەی بەرپرسانی ئێران، سعوودییەکان بە پشتیوانیکردنی تیرۆریزم دژی وڵاتەکەیان تۆمانباربکەن ڕەمەزان شەریف بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە، کە ئامادەبوونی فەیسەڵ (نیشانەی پەیوەندیی دێرینی) موجاهیدین لەگەڵ عەرەبستانە.

ڕەمەزان جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە هەوڵی ڕاگەیاندنە بێگانە و سعوودییەکان بۆ زیندووکردنەوەی موجاهیدین، مەحکوم بە شکست دەبێت و عەرەبستانی بەوە تۆمانبار کردووە، کە بەپێی بەرنامە و ستراتیژی ئەمەریکا و ئیسرائیل پشتیوانی لە موجاهیدین، داعش، قاعیدە و تاڵیبان دەکات.

لای خۆیەوە (حسێن ئەمیر عەبدوللاییان) جێگری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بۆ کاروباری عەرەب و ئەفریقیا، بەم شێوەیە وتەکانی فەیسەڵی لێکداوەتەوە و ڕایگەیاندووە، "ئەم وتانە دەریدەخەن، کە پشتیوانییە بەرفراوانە دارایی و ئاساییشییەکانی عەرەبستانی سعوودی بۆ تیرۆریزم بە هەموو شێوازەکان بەردەوام لەلایەن ڕیازەوە لە بەرنامەی کاردا بووە." هەروەها (موحسن ڕەزایی) ئەمیندارە کۆمیتەی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستمی دەسەڵاتی ئێران، عەرەبستانی سعوودی بە بەرپرس لە هێرشە تیرۆریستییەکانی موجاهیدین لە ناوخۆی ئێران ناوبردووە.

سەرچاوە:

http://www.bbc.com/persian/iran/2016/07/160710_l10_jb_turki_mko

http://www.al-monitor.com/pulse/fa/originals/2016/07/iran-mek-mojahedin-saudi-turki-bin-faisal.html≠ixzz4XNJKJktA

http://www.radiofarda.com/a/f8-iran-saudi-rajavi/27850171.html

https://www.tasnimnews.com/fa/news/1395/04/20/1125525/

http://www.iribnews.ir/fa/news/1205626/

http://www.mersadnews.ir/news/275835/

http://www.fardanews.com/fa/news/201341/

http://qudsonline.ir/news/415329/

"ئامانجی سەرەکی سعودیە"
لێدانی ئێران لە ڕێگەی نەیارەکانیەوە

ئاراش ڕایسنزاد
لە عەرەبییەوە: سیڤا سابیر
IDEA DIPLOMATIC

لـــە ئەمـــڕۆدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ تیـــرۆر بۆ لەناوبردنی پێگـــەی ئێران، پوختەی سیاسەتی ســـعوودیەیە، بەڵام ڕێکخراوە تیرۆریســـتییەکان سعوودیە بە نموونەی باڵای خۆیان نازانن، بەڵکو تەنیا وەك ســـەرچاوەی خەرجیـــی دارایی لێی دەڕوانن، ئەوەش گومانەکان تۆخدەکاتەوە، بەوەی کە خراپیی ئەم سیاســـەتە دواجار بەسەر داڕێژەرانیدا دەشکێتەوە. لە 9ی تەموزی ساڵی 2016دا بە شێوەیەکی بێوێنە شازادە تورکی ئەلفەیســـەڵ، بەڕێوەبەری پێشـــووی دەزگای هەواڵگریی سعوودیە ئامادەی کۆبوونەوەی گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بوو، کە بە ناوی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق ناسراوە، ئەلفەیسەڵ لەو کۆبوونەوەیەدا داوای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانـــی کردووە. ئەوەنـــدەی نەخایاند لە 30ی تەموز ڕابـــەری موجاهیدینی خەلق مریەم ڕەجەوی و مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین لە پاریس پێکەوە کۆبوونەوە. پێش ئەوەش لە مانگی ئاداری 2016دا حزبی دیموکراتی کوردســـتان، کە نزیکەی (20) ســـاڵە چەکی لـــە دژی ئێران بەرزنەکردووەتەوە، بە شـــێوەیەکی کتوپڕ یاخیبوونێکی توندی لە دژی تاران بەرپاکرد، کە بووەهۆی ڕوودانی پێکدادانی خوێناوی لە باکووری خۆرئاوای ئێران لەنێوان ســـوپای پاســـداران و پێشـــمەرگە کوردەکانی ئێران. ئەم ڕوودانە بەدوای یەکدا قۆناغێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی لەنێوان تاران و ڕیاز هێنایەئاراوە.

هەڵکشانی گەشەسەندووی نێوان ئاران و ڕیاز هەندێک جار لە چوارچێوەی "گەمەیەکی گەورە"ی جیۆسیاسیی نوێ باسی لێدەکرێت. هەردوو وڵاتەکە بۆ ماوەی چەندین دەیە کێبڕکێیەکی سنرانیژییان لە بەرامبەر یەکدا کرد، بۆ سەپاندنی هەژموونی هەرێمی لەو ناوچەیەدا، کە لە کەنداوی فارسیەوە ئاکو دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای عەرەب درێژبووەتەوە. هەردوو هێزە پشتگیریی چەند هێز و لایەنێکی جۆراوجۆر لە سوریا، عێراق، بەحرێن، لوبنان و یەمەن دەکەن. لە قۆناغی پێش ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر، سعوودیە دەستیکرد، بە کارکردن بۆ گەمارۆدانی ئێران لەڕووی هەرێمییەوە، هەروەها جڵەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، کە پشتی بە هەناردەکردنی شۆڕش بەستووە، ئەوەش لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی ڕژێمی بەعس لە بەغدا، دواتریش پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی ئاڵیبان لە کابوڵ. سەرەڕای هەبوونی جیاوازیی عەقیدەیی قووڵ، لێپرسراوانی ڕیاز لە شەڕی خوێناوی هەشت ساڵی عێراق - ئێران هاوکاریی (سەدام حسێن)یان کرد. شانبەشانی سەرقاڵبوونیان بە پێدانی کۆمەکی دارایی، بۆ بڵاوکردنەوەی وەهابییەت لە پاکستان لە سەردەمی دەسەڵاتی شا فەیسەڵ و پاشان پشتیوانیکردنی موجاهیدانی ئەفغانستان، لە ماوەی شەڕی سۆڤێت لە ئەفغانستان لەنێوان 1979-1989. هەروەها سعوودییەکان ڕۆڵیان هەبوو، لە دروستبوونی بزووتنەوەی ئاڵیبانی ئوندڕەو لە کابوڵ. لە کۆتایی دەیەی نەوەتەکاندا، هەوڵ و تەقەللاکانی سعوویە بۆ گەمارۆدانی ئێران گەیشتە لوونکە.

ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر و ڕاگەیاندنی شەڕی جیهانی، لە دژی تیرۆر لەلایەن سەرۆک بوشەوە، بووەهۆی ڕووخاندنی هەردوو ڕژێمی دەسەڵاتە لە کابوڵ و بەغدا، هاوکاتیش لەگەڵ ڕووخانی هەردوو ڕژێمی بەعس و ئاڵیبان، ڕیاز کارتە تەقلدییە سنرانیژییەکانی بۆ گەمارۆدانی هەرێمەکەی ئێران لەدەستدا. لە تەنجامی پەلاماردانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، دروستبوونی بۆشایی لە دەسەڵاتی ناوخۆی عێراق، ئێرانی لە هەرێمەکە هەرێمییە ڕاستەوخۆکان پاراستێ. لەپێناو گەمارۆدانی هێزی گەشەسەندووی ئێران لە ناوچەکە، ڕیاز و هاوپەیمانە هەرێمییەکانی قەبارەی هەژموونی هەرێمی پێشبینیکراوی ئارانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە قەبارەی خۆی گەورەتر کرد. لە کۆتایی ساڵی 2004، شا عەبدوڵڵای ئوردون دەستەواژەیەکی جێی مشتومڕی داڕشت، کە هێشتا زاڵە بەسەر جوگرافیای سیاسیی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش (هیلالی شیعە)یە. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەقەکەی بەم شێوەیە داڕشتووە: "ئەگەر بێت و حکومەتی

عێراق بکەوێنە ژێر هەژموونی ئەو هێز و لایەنانە و هەژموونی کەسایەتیيە سیاسییەکانی سەر بە ئێران، دەکرێت هیلالێکی نوێی پێکهاتوو لە بزووتنەوەکان یان لە حکومەتە شیعییە دەسەڵاتدارەکان لە ئێرانەوە تا عێراق و سوریا و لوبنان پێکبێت، هەرچەندە لە هاوسەنگیی هێزی کلاسیکی نێوان هەردوو ئائیفە ئیسلامییە سەرەکییەکە بکات، ببێتە ئاستەنگێکی نوێ لە بەردەم بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی".

بە ئێروانینی ڕیاز، ئێران لەو بڕوایەدایە هیلالی شیعی بەرزیی بناغەی هێزە هەرێمییە بەدەستهاتووەکەیەتی، بە ئێکشکاندنی ڕژێمێکی هەرێمیی باو، کە ماوەیەکی دوورو درێژە بووەتە هەرچەشنەیەکی هەبوو، بۆ سەر ئاساییشی ڕژێمە عەرەبییەکان لە ناوچەکەدا. ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی سعوودیە پشتبەستێت، بە هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی گرووپە جیهادی - سەلەفییەکان، ئەوەش هەرچەشنەیە بۆ ئەو ڕژێمانەی، کە ئاران لە ناوچەکەدا پشتیوانییان لێدەکات. لە بۆنەی پشنگیریی بەهێزی سعوودیە بۆ هێزە هەڵگەڕاوەکانی سوریا: بەرەی نوسرە، داعش، سوپای ئیسلام و سوپای سوریای ئازاد، سعودیە پێیوایە ڕژێمی دیمەشق کارتێکی ستراتیژیی براوەی ئێران پێکدەهێنێت، لە هەمان کاتیشدا ڕیاز هەوڵیداوە، کەلێنی نێوان شیعیزم - سوننیزم گەورەتربکات، لە ڕێگەی هاوکاریکردنی هێزە سوننییەکان لە عێراق. لە ڕێگەی کاریگەری نواندن لەسەر سوریا و عێراق، ڕیاز هەوڵدەدات گوشار بخاتە سەر ئاران لەپێناو بەدەستهێنانی پاداشتی خۆی لە بەشەکانی تری ناوچەکە، بۆ نموونە وەک یەمەن. هەروەها زیادبوونی فشار لەسەر ناوەندی پێگە و قەڵەمڕەوی ئێران و سنووورەکانی خۆرئاوای دەچێتە ناو ئەو خانەیەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، سیاسەتی نوێی دوژمنکارانەی سعویە هەوڵدەدات هەرچەشنەی نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، لە ڕێگەی هاندان و چالاککردنەوەی چەندین گرووپی ئۆپۆزسیۆنەوە، بە ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق)یشەوە، سەرەڕای هێز و گرووپە ئینتییەکان لە کوردستانی ئێران و بلوچستان. ئەمەیە دیوی ناوخۆی سیاسەتی نوێی سعوودیە، کە دەیەوێت ئێران وێرانبکات. لەگەڵ دەرکەوتنی شازادە فەیسەڵ لە کۆنگرەی 9ی ئەموزی 2016ی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و بانگەشەکردنی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ڕیاز هەنگاوێکی گەورەی ناوە بە ئاراستەی جێبەجێکردنی سیاسەتە نوێیەکەی بۆ لەناوبردنی ئێران. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە لە ساڵی 1965 دامەزرێنراوە، بریتی بووە لە گرووپێکی نەیاری چەکدار لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران، لەگەڵ هەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی بنکۆڵکاری، کە مارکسیزم و ئیسلامی پێکەوە کۆکردووەتەوە. موجاهیدینی خەلق کۆمەڵێک پەلاماری لە دژی سەربازە ئەمەریکییەکان لە ئێران ئەنجامدا، پاشان لەدوای چەند ساڵێک لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە ناوی خرایە ناو لیستی ڕێکخراوە ئیرۆریستییەکان. لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی وەلانا، پاشان ئاران لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتاکاندا وەکو ڕێکخراوێکی ئیرۆریستی دایە قەڵەم. لە کاتی پەلاماردانی ڕژێمی سەدام حسێن، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دژایەتیی ئێرانی کرد، یارمەتیی سەدامی دا لە دامرکاندنەوەی هەردوو ڕاپەڕینی شیعەکان و کوردەکان لە عێراق. لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە پاریس، ئورکی ئەلفەیسەڵ ڕەخنەی ئوندی ئاراستەی کۆماری ئیسلامی کرد، بەئایبەتی دامەزرێنەرەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی بەهۆی خواستی هەنارەدەکردنی شۆڕشەوە.

ئەمە بەرجەستەکردنێکی دیاری سیاسەتی نوێی حکومەتی سعوودیەیە، بە ئامانجی لەناوبردنی ئێران، لەگەڵ دەستبەردارببوونی سەرکردە سعوودییەکان لە ناڕوونی و هەوڵدانیان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم، لە ئێران بە گرنتەبەری شەفافیەتێکی زیاتر. گەڕانێکی بنەڕەتی بەم جۆرە لە سیاسەتی سعوودیە دیدارێکی ئری جێ مشتومڕی لێکەوتەوە، بەهۆی دیداری نێوان مریەم ڕەجەوی ڕابەری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین لە پاریس. پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی فەلەستینی و موجاهیدینی خەلق شتێکی تازەی نەهێنایەتاراوە. میلیشیاکانی موجاهیدینی خەلق بە بنکە سەربازییەکانی ڕێکخراوی فەتح لە باشووری لوبنان ڕاهێنانیان پێکرا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی پەهلەوی لە ئاران. ئەوەی جێی گرنگییێدانە ئەوەیە، کە هەردوو گرووپەکە وەک یەک شان بەشانی دیکتاتۆری پێشووی عێراق (سەدام حسێن) لە شەڕی نێوان عێراق - ئێران جەنگان، بەڵام چاوپێکەوتنی ڕەجەوی لەگەڵ عەباس یەکسەر وەک بەشێک لە سیاسەتە پەلاماردەرەکانی سعوودیە، لە ناوچەکەدا درایە قەڵەم. سعوودیە وەک دۆنەری سەرەکیی دەسەڵاتی فەلەستین ئاسانکارییەکانی بۆ ئەنجامدانی، ئەو دیدارەی نێوان مریەم ڕەجەوی و مەحمود عەباس کرد، ئەوەش بریندارکردنێکی ڕەمزی بوو بۆ ئێران.

لەدوای شۆڕشی 1979وە، ئێران زیاتر لە هەرولاتێکی عەرەبی، یارمەتیی هێز و لایەنەکانی موقاومەمەی فەلەستینی دەدات، بۆیە لێپرسراوانی ئێران بەتوندی ڕەخنەیان لەو کۆبوونەوەیە گرت.

چەکدارانی میلیشیاکانی موجاهیدینی خەلق

حسێن شێخولئیسلام، ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئێران محەمەد جـەواد زەریـف لەو بـارەیـەوە وتـی: "ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و سعوودیەوە، یارمەتی و پشتیوانی لێدەکرێت". ڕاشیگەیاند کە مەحمود عەباس "بووکەڵەیەکە بە دەست ئەمەریکاوە"، بەڵکو لەوەش زیاتر بە بەکرێگیراوی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی ئەمەریکای دەدانەقەڵەم، چونکە عەباس پەیوەندیی نهێنی بە گرووپە ئیرۆریستییەکان و ئیسرائیلییەکانەوە هەیە، ئێستاش ئەو پەیوەندییانە ئاشکرا دەبن. سەرکردە سعوودییەکانیش لای خۆیانەوە هێرشەکانیان لە دژی ئێران ئوندتر کرد، لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی پێکهاتە ئینتییەکان لە ئێران. لە دەرئەنجامی دوژمنایەتیی گەشەکردووی نێوان ئاران و ڕیاز، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان/ ئێران ڕایگەیاند، کە حزبەکەی پێشمەرگەکانی و کادیرە سیاسییەکانی دەتێرێت بۆ کوردستانی ئێران. ئەوەبوو یەکسەر ئێران هاتە وەڵام و ڕایگەیاند، کە چەند وڵاتێکی هەرێمی، بەتایبەتی ئیسرائیل و سعوودیە لەپشت گەڕانەوەی جموجووڵی کوردەکانن. مستەفا هیجری لە ئاماژەیەکیدا بۆ پێویستیی کوردانی ئێران بە یارمەتی و پشتیوانسی ئیسرائیل وتی: "ئێمە (کورد و ئیسرائیل) دوژمنی هاوبەشمان هەیە".

وەستانی سعوودیە لەپشت حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە خاڵی وەرچەرخانێکی نوێ دادەنرێت. لە ئەنجامی بێهیوابوونیان بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی شیعەکان لە عێراق، لێپرسراوانی ڕیاز بەم دواییە ئاشکرایان کرد، کە دەیانەوێت کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق دابمەزرێت. لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ دیپلۆماتکاری ئەمەریکی (دۆری گۆڵد)، ژەنراڵ ئەنوەر ماجد عیشقی، بوونی ئەو وەرچەرخانەی ڕاگەیاند. دامەزراندنی کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆ، لەنزیک ئێران بۆی هەیە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانیی ئەو وڵاتە و گورزێک بێت، بۆ هاوپەیمانەکانی ئێران لە دیمەشق و بەغدا. درێژەکێشانی هەڕەشەی گەشەکردوو ترسی جیابوونەوەی کوردەکان گەورە دەکات، لەگەڵ هاوکاریکردن و یارمەتیدانی چەکدارانی کوردی ئێران لەلایەن سعوودیەوە. سەرەڕای نکۆڵیکردنی سعوودیە بۆ هەبوونی کارێکی هاوشێوە، لێپرسراونی ئێران بە زمانێکی توند هۆشداریان ئاراستەی حکومەتی ڕیاز کردووە. عەرەبستانی سعوودیە لە سوریا ئەوەندەی شەڕی پرۆژەی ئێران و دواتر حزبوڵڵا دەکات، ئەوەندە مەبەستە سەرەکییەکەی بەشار ئەسەد نییە، وانە سعودیە مەترسیی گەورەی لە سوریا بەڕاستی لە ئێران و پرۆژەی ئێرانییە، بۆ گەیشتنە وڵاتانی عەرەبی و کەنداو، کە لە خۆیدا کێشەی گەورە بۆ سعوودیە دروستدەکات، پێگەی ئەو وڵاتە

لەڕووی هەرێمییەوە لاوازدەکات. ئێران لە سێ کەناڵەوە لە ڕۆژئ سعوودیە دەدات ئەوانیش عێراق، یەمەن و سوریایە، جگە لەوەی شیعەگەرایی لەناو شیعەکانی ناوچەی کەنداو بەهێزدەکات، بەنایبەتی لە بەحرێن کە زۆرینەی لەژێر تێفکرینی شیعەگەرایی ئێراندایە. لە بەرامبەردا ئەمەریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بردووەتەپێشەوە، ئەوەش بەدگومانیی لێپرسراوانی سعوودیەی خستووەتەوە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

ئەو بەشداریە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەی ئێران لە شەڕی سوریا پارێزگاریکردنە لە ئاکە سەرچاوەی گەیشتنی بە وڵاتانی عەرەبی، بە ڕۆیشتنی بەشارئەسەد هیچ گەرەنتییەک نامێنینەوە، کە ئێران بتوانێت هاوکارییەکانی بگەیەنێتە حزبوڵڵا و پرۆژە میژوویەکەی (الهلال الخصیب) گەشەپێبدات، کە خۆی لە پرۆژەیەکی ستراتیژی مێژوویی ئێران دەبینێتەوە، بۆ سەپاندنی باڵادەستی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا، بە لەدەستدانی سوریا ئەواوی ئەو پرۆژەیە، کە خەریکە بەرهەمەکەی دەبینرێت، لە عێراقەوە بۆ سوریا و لوبنان، هەروەک سوریا وێستگەیەکی گرنگە بۆ ئێران، ئاکو پرۆژەی گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی لە عێراقەوە بەرەو سوریا بنێرێت، لە بەندەری بانیاس بە ڕێگای دەریای سپیی ناوەڕاستدا بیگەیەنێتە ئەورووپا، هەروەک سوریا بۆ ئێران وەک هێڵی پێشەوەی شەڕی ئیسرائیل دادەنرێت، بۆئەوەی ئێران بتوانێت ڕۆڵی ئیسرائیل لاوازبکات، پێویستی بە سوریا هەیە هەم چەک و هاوکاری بگەیەنێت بە حزبوڵڵا، هەمیش دەورەی ئیسرائیل بدات، بەوەش دەتوانێت قووڵایی ئیسرائیل بخاتە ژێر هەڕەشە و چاودێریی جموجووڵەکانی بکات دژ بە ئێران لە داهاتوودا، بەنایبەت سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کە بەردەوام هەڕەشەی بۆمبارانکردنی لێدەکرێت لەلایەن ئیسرائیلەوە.

ئەو ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەی ئێران، وادەکات بە شێوەیەکی ئاشکرا و فراوان داکۆکی لە ڕژێمەکەی بەشار بکات، بەرامبەر پاڵپشتی سعوودیە، تورکیا، ئیسرائیل و قەتەر بۆ گرووپەکانی ناو سوریا، لە بەرامبەریشدا سعودیە ئامادە نییە، پاشەکشە لە سیاسەت و گوتاری ڕۆیشتنی بەشار ئەسەد بکات، ئاکو دەستبەبەرییەک نەبینێت لە کەناڵێکەوە بۆ پاشەکشەکردنی ڕۆڵی ئێران لە سوریا و لوبنان باڵادەستی دەرنەخات، بەسەر هاوکێشەی هێزی هەرێمیدا.

هەروەک سەرکردە سعودییەکان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو ناڕەزامەندە ئێرانییانەیە، کە لە دژی پێکهاتن و ڕێککەوتنامەی ئەتۆمیی نێوان ئێران و گرووپی (5+1) دەوەستێنەوە.

لەدوای ئەنجامدانی دانوستانە ئەتۆمییەکان، مستەفا هیجری سەردانی واشنتۆنی کرد، چاوی کەوت بە ئەندامانی موحافیزکار لە کۆنگرێسی ئەمەریکا و لێکۆڵەرانی سەنتەرەکانی ئۆڕێنەوە، سەبارەت بە دەربڕینی نارەزایی لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران. هیجری لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گڵۆبااڵ پۆست وتی: "ئەگەر سزاکان لەسەر ئێران لابرێت، دەتوانێت ئەو سەرچاوانە دەستبخات، کە ڕێگەی پێدەدات بەردەوام بێت لەسەر پشتیوانیکردنی تیرۆریستان و ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییانەی پاڵپشتی ئێرۆر دەکەن، لە وێنەی بەشار ئەسەد، سەرچاوەی زیانڕی چنگدەکەوێت ئاوەکو ئاگری کۆمەڵێک ئاڵۆزیی زیانڕ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خۆشبکات". ئەم لێدوانانە دووبارەکردنەوەی ئەو مەترسییانە بوو، کە لەسەر زاری لێپرسراوانی سعوودیە و ئیسرائیلییەکانەوە دەرچووە.

میلیشیاکانی موجاهیدینی خەلق بە بنکە سەربازییەکانی ڕێکخراوی فەتح لە باشووری لوبنان ڕاهێنانیان پێکرا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی پەهلەوی لە تاران. هەردوو گرووپەکەش شان بەشانی دیکتاتۆری پێشووی عێراق (سەدام حسێن) لە شەڕی نێوان عێراق - ئێران جەنگان،

لە ڕێگەی ڕیازەوە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵمەتێکی نازەی دەستپێکرد، داوای ڕووخانی حکومەتی ئاران و لەناوچوونی دەوڵەتی ئێران دەکات. لە ئەموزی 2016دا مستەفا هیجری وتارێکی لە ڕۆژنامەی جیرۆزالیم پۆست ی ئیسرائیلی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا داوای لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کردووە هاوکاریی کەمینە ئینتیمایەکانی ناو ئێران بکات، لەپێناو گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیریی هەرێمی. هەروەها هیجری ڕاشیگەیاندووە، کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاڵی داوەتە پاڵ چەندین ڕێکخراوی عەرەبی و نازەری و بلوچی و تورکمانی بە مەبەستی پێکهێنانی ئەوەی پێیدەوترێت "ئەنجوومەنی نەتەوەکان لەناو ئێرانێکی فیدراڵی". هیجری لەکۆنایی

قسەکانیدا دەڵێت: "ئێمە لەو بڕوایەداین، کە لێکنزیکبوونەوەیەکی سنرانیژی لەنێوان بەرژەوەندیی نەتەوەکانی ناوخۆی ئێران و هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی ناوچەکەدا هەیە (وانە سعوودیە و ئیسرائیل)، ئەوەش بۆی هەیە ببێتەهۆی بەدیهێنانی سیستمێکی نوێ لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە جۆرێک کە دەکرێت ببێتە بنەمایەک بۆ بەدیهێنان و چەسپاندنی ئاسایش و ئاشتیی هەمیشەیی. هیجری ئاشکراشی کردووە، کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجەکەی گۆڕیوە، نا لە خواستی سەربەخۆیی لەناو ئێران ببێتە ئامانجی گۆڕینی ڕژێمی دەسەڵات، چونکە بەپێی قسەکانی هیجری "پێویستە کۆماری ئیسلامی نەمێنێت، ئەگینا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت"، ئەوەش لەگەڵ زمانی ئوند و سیاسەتی هێرشبەرانەی نوێی عەرەبستانی سعوودیە لە دژی ئێران گونجاوە و وێکدێنەوە.

لەپاڵ ئەمەشدا، حکومەتی ڕیاز ئۆمەتبارکراوە بە پێشکەشکردنی کۆمەک و یارمەتی بە گرووپە بلوچییە ئوندڕەوەکان، بەتایبەتییش جوندوڵڵا لە باشووری خۆرهەڵاتی ئێران. بەپێی قسەکانی ئەمیراڵ (عەلی شەمخانی)، ئەمینداری ئەنجوومەنی باڵای نەتەوەیی ئێران بزووتنەوەی سەلەفی - جیهادی، کە هێرشدەکاتە سەر دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران، لەلایەن سعودییەکانەوە کۆمەک و هاوکاریی دارایی پێشکەشدەکرێت. شانبەشانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و گرووپە ئیتنییە ئوندڕەوەکان لە ئێران، حکومەتی ڕیاز پشتیوانیی کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانی دوورخراوەش دەکات، کە لەژێر پەردەی مافەکانی مرۆڤدا کاردەکەن و لایەنگیریی هەر هەوڵ و ئەقەللایەک دەکەن، کە بدرێت بۆ ڕووخاندنی حکومەتی ئاران، ئەتانەت ئەگەر لە ڕێگەی شەڕی سەرتاسەرییش بێت، لە بەرامبەر ئێران.

لە ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی گەرم و خوێناوی لەگەڵ ئێران، دامەزراندنی بەرەیەکی نوێ لە هاوکاران و بریکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەچێنە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەوە کە سعوودیە دایڕشتووە، بۆ لەناوبردنی ئێران. سەرەڕای ئەمەش، لە ئەنجامی پەنابردنی سعوودیە بۆ وەهابییەکان دەکرێت بەکارهێنانی هاوکار و بریکارە سەلەفییەکان لەلایەن ڕیازەوە ببێتە هەنگاوێکی سنرانیژی ئەواو شکستخواردوو. لە بەرامبەردا عەرەبستانی سعوودیە بەدەست گۆشەگیرییەکی سنرانیژی ماوەدرێژەوە نەینالاندووە، چونکە ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماردانی بیانیی گەورە نەبووەتەوە. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە هەردوو شاری پیرۆز (مەککە و مەدینە) لە سعوودیە بوونەتە سەنتەری جیهانی ئیسلامی، ئەوەش پاڵپشتییەکی ئەمنی و سیمبوڵی گەورەی بەو وڵاتە بەخشیوە. بە کرداریش، مێژوو کولتوور و جوگرافیاکەی ڕۆڵیان گێڕاوە، لە پاراستنی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر هێرشە هەرێمییەکان، ئەمەش بە مانایەکی تر هۆکار بووە بۆ بونیادنانی ئۆرێک لە گرووپە ئوندڕەوەکان دوور لە سنوورەکانی، کە بەدەرن لە ڕیشە مێژوویییەکان و جوگرافیای سعوودیە. لەوەش گرنگتر بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندییەکان و پاراستنی لە کاریگەریی ئەو هێز و گرووپە ئوندڕەوانەی، کە تا ئاستێکی زۆر پشت بە بیروڕایەکی شۆڕشگێڕی دەبەستن، بۆ هاندانی میلیشیا دەرەکییەکان. لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی 1979دا، هێشتا ئێران دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕییە و لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیاکەیەوە بەرەنگاریی ئەو سیستمە باوە دەکات، کە لە ناوچەکەدا بوونی هەیە. لە ئەنجامی سووڕانەوەی بە دەوری خاڵێکی ئەوەریی، کە چەقەکەی بریتییە لە "سەربەخۆیی"، عەقیدەی دژ بە کۆلۆنیالیزمی ئێران بووەتەهۆی دروستبوونی دینامیکیایەکی سەرنجڕاکێش لە ناوچەکەدا، ئەمەش وایکردووە، ئەو وڵاتە ببێتە پەناگەیەک بۆ لەخۆگرتن و میواندارییکردنی هەر یەکێک کە بەرەنگاریی هێزە هەرێمییە موحافیزکارەکان بکات.

ئەمە ئەو هۆکارەیە کە وایکردووە هێز و گرووپەکانی وەک داعش، بەرەی نوسرە، سوپای ئیسلامی، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک بانکێک بۆ ڕاکێشانی پارە تەماشای سعوودیە بکەن، بۆ ئەنجامدانی ململانێ و پەلاماری ئیرۆریستییەکانیان، ئەمەش مانای وایە کە وڵاتی سعوودیە هێزی ناسیۆنالیستی نەرمی نییە، بە بەراورد لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکەی: "ئێران".

* ئاراش ڕایسنزاد: ئۆژەر لە سەنتەری ئۆژێنەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆفیسۆر لە کۆلیژی کاروبارە نێودەوڵەتی و گشتییەکان لە زانکۆی فلۆریدا.

سەرچاوەکان:

گۆڤاری (ناشنڵ ئینتریست)، ناوەندی ئیسلامی بۆ ئۆژێنەوەی سنرانیژی.

/http://nationalinterest.org

http://www.iicss.iq/?id=40&sid=87

پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی ڕیاز - تاران و دواڕۆژی ناوچەی کەنداو

شەڕ یان پێکەوەژیان؟

لەعەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک
IDEA DIPLOMATIC

لە چوارچێوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نێوان سوننە و شیعە، پێناچێت شتێکی نوێ هەبێت سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕی داهاتووی نێوان سعودیە و ئێران، کە ململانێیەکی کۆنە و مێژوویەکی هەیە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا. بەڵام ئایا ڕێگەی تێدەچێت بابەتەکە بگۆڕێت بۆ ململانێیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوو دەوڵەت، لەجیاتی شەڕ بە لەبری؟ گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ئەمەریکی هەوڵیداوە، لە ڕێگەی نووسینێکی نووسەری ئەمەریکی (مایکڵ نایتس)، تووێژەر لە ئەنستیتیۆی واشنتۆن بۆ تووێژینەوەکانی خۆرهەڵاتی دوور، وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، دەربارەی ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایا ڕوودانی ئەم شەڕە چۆن دەبێت، کاریگەری لەسەر ناوچەکە چی دەبێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، مایکڵ نایتس ڕوونی کردووەتەوە: ئەگەر هەرکەسێک بەدواداچوون بکات،ئەماشای ئەم دوو دەوڵەتە بکات دەبینێت، کە ئەو شەڕە بە کرداری بوونی هەیە، چونکە هەریەکە لە ڕیاز و ئاران لە ڕێگەی ئەوانەی بە لەجیاتی شەڕ دەکەن، لە یەمەن و سوریا و بەحرەین، سەرەڕای ئەو شەڕەی لە ناوچەی شیعەنشینی خۆرهەڵاتی عەرەبستانی سعودیە بوونی هەیە، ئەمە مانای وایە هەریەکەیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوادار و لایەنگرانی ئەوەی تر دەکوژن. نایتس نووسیویەتی: "لە قۆناغی داهاتوودا ئەو دۆخەی، کە لەنێوان سعودیە و ئێران دروست دەبێت، ئوندتر و ئاڵۆزتر دەبێت و بەریەککەوتنەکە ڕاستەوخۆ و ئوندوئیژتر دەبێت، بەڵام ماوەی کورت دەبێت". نووسەر پێشبینیی ئەوەشی کردووە، کە بارودۆخەکە لەدوای ماوەیەک هێورتر دەبێتەوە و جارێکی تر شەڕ بە لەجیاتی لە وڵاتانی تر دەگەڕێنەوە، چونکە ئەم شێوازە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا ماوەیەکی زۆرە، ئاکە ڕێگەی گونجاوە بۆ هەردوو دەوڵەت. نایتس باسی مێژووی شەڕی بە لەجیاتی لەنێوان ئاران و ڕیازی کرد، ئاماژەی کردووە بۆ شەڕی هەشت ساڵەی عێراق - ئێران، کە ئاران لەو سەردەمەدا خۆی وەک هێزێکی پشتیوان بۆ هاوپەیمانەکانی نیشاندا، وەک حزبوڵڵای لوبنانی و میلیشیا شیعییەکانی عێراق، لە بەرامبەریشدا عەرەبستانی سعودیە هەمان شێوازی بەکارهێنا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدات، لە وەڵامی دوژمنەکانیدا، ئەنانەت لەو کاتانەشدا، کە هێزی سەربازی پێویستی نەبووە. بۆ نموونە حکومەتی ڕیاز لەنێوان ساڵانی 1962 - 1970 لە دژی بوونی هێزی سەربازیی میسر لە یەمەن وەستا، هەروەها دژایەتیی بوونی هێزی سۆڤێتی کرد، لە ئەفغانستان. نایتس لەو بڕوایەدایە هەردوو دەوڵەت (سعودیە و ئێران) نایانەوێت خۆیان شەڕەکان بکەن، بەڵکو هەمیشە بەدوای ئەو هێزو لایەنانەدا دەگەڕێن، کە بە لەجیاتی شەڕییان بۆ بکەن و لەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن.

بە بڕوای نایتس، بەلای ئێرانەوە ئاسانە، تا لە بۆنەیەک زیاتر پشتیوانیی خۆی بۆ میلیشیا شیعەکان بسەلمێنێت، باشترین نموونەش پشتیوانیکردنی بوو بۆ ئەو هێزە شیعییانەی شان بەشانی ڕژێمی بەشار ئەسەد شەڕدەکەن، جگە لە پاڵپشتیکردنی بەردەوامی حزبوڵڵای لوبنان، کە ناکرێت بە هێزێکی میلیشیایی دابنرێت، چونکە ئوانا سەربازییەکانی و چەکی بەرگری و هێرشبردنی زۆر زیاترە، لە قەبارەی ئەو چەکانەی لە دەستی میلیشیاکاندایە. بۆ نموونە حزبوڵڵا خاوەنی مووشەکی (زلزال1)ە، کە لە ئوانایدایە ئامانجەکانی لە ئەلئەبیب بپێکێت، ئەمە سەرەڕای هەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی دژەئانک و سیستەمێکی مووشەکیی دژە کەشتیی جەنگی، کە ئێران پێیداوە و لە ساڵی 2006دا حزبوڵڵا، لە شەڕی دژ بە ئیسرائیل بەکاریهێنا و سەرکەوتوو بوو، لە ئێکشکاندنی کەشتییەکی ئیسرائیلی. مایکڵ نایتس ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە ئێران مووشەکی جۆری (C802)ی داوەتە حوسییەکان، کە لە هێرشکردنە سەر ژمارەیەک کەشتی جەنگیی ئیماراتی بەشدار لە هاوپەیمانێتیی عەرەبی، بە سەرکردایەتیی سعودیە لە شەڕی یەمەن بەکارهێنرا. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە حوسییەکان بە کردار بوونە هۆکاری گەیاندنی زیانێکی گەورە، لە سوپای سعودیە، کاتێک ئوانییان ژمارەیەک ئانک و ئامێری

جەنگیی سعودیە نێکبشکێنن لە ڕێگەی مووشەکی پێشکەوتوو، کە لە ڕێگەی ئارانەوە دەستیان کەوتووە.

بەپێی ئایتس بریکارەکانی ئێران دەستیان گرتووە بەسەر چەند بەشێکی باشووری عەرەبستانی سعودیەدا گرتووە، بە کرداریی مووشەکی (سکود)یان ناوە بە چەند بنکەیەکی سەربازی، لەناو شانشینی سعودیە. لە عێراقیش، میلیشیا شیعەکان، کە لەلایەن ئارانەوە پشتیوانیان دەکرێت، بە هەموو شێوازێک لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هاوکاری و یارمەتییان پێشکەش دەکرێت، ئەمەش وایکردووە میلیشیای بەدر، کە گەورەترین میلیشیای شیعییە لە عێراق وەک باڵێکی سەربازی لەژێر سەرکردایەتیی ڕاستەوخۆی ئێراندا شەڕبکەن، لەم ڕێگەیەشەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم جارە هەوڵدەدات، ئەزموونی حزبوڵڵا لە عێراق و یەمەن دووبارەبکاتەوە. بە بڕوای ئایتس ئەوەی زیاتر بەلای سعودیەوە جێی نیگەرانییە، نۆمەتبارکردنیەتی لەلایەن ئێرانەوە بە گرنگینەدان بە بەحرەین و بەشی خۆرهەڵاتی شانشینی سعودیەی دەوڵەمەند بە نەوت، کە ژمارەیەکی زۆر شیعە لەو دوو ناوچەیەدا دەژین و زۆرینەی دانیشتووانیان پێکهێناوە. لە ساڵی 2015دا ئێران جموجووڵەکانی لە وڵاتی بەحرەین و ناوچەی خۆرهەڵاتی سعودیە زیاتر کرد، جگە لەمەش چالاکییەکانی میلیشیا شیعەکانی عێراق و حزبوڵڵاش زیادیکرد، لە ڕێگەی کۆمەککردنی ئەو شانە و گرووپانەی لە بەحرەین و خۆرهەڵاتی سعودیە، کە لەلایەن ئێرانەوە بە پێدانی چەک و ئەقەمەنی هاوکاری دەکرێن، بۆئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، لە بەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی سوپای سعودیە لە داهاتوودا، ئەمەش بەتایبەتی نووسەرەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو پاڵی بە دەسەڵاندرانی سعودیەوە نا، تا بڕیار بدەن بە لەسێدارەدانی پیاوی ئایینیی شیعە (نەمر ئەلنەمر) وەک جۆرێک لە کاردانەوەی ڕیاز لە هەمبەر ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕەی، لە ئاکنجیکەکانی ئێران لە دژی سعودیە ڕوویدا.

ماوەیەکی زۆر لەپێش ڕووداوەکانی یەمەن، هەریەکە لە سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو، بە پراکتیکی بەرە بەرە دەستیانکرد بە پێکهێنانی نۆڕێک لە بریکارانی سەربازی، بەڵام لایەنی سوودمەند لەم پرۆسەیە حکومەتی لوبنان بوو، کە هاوکارییەکی گەورەی سعودیە و وڵاتانی کەنداوی وەرگرت. لە ساڵی 2009دا، یەک ساڵ لەدوای بانگەشەکەی شای کۆچکردوو عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز، بۆ بڕینی سەری مارەکە (کە مەبەستی ئێرانە)، سعودیە هەڵمەتێکی سەربازیی بەرفراوانی بۆ ماوەی (9) مانگ دەستپێکرد، لە دژی چەکدارە حوسییەکان لە باکووری یەمەن، ئەمەش وایکرد سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە ئوردون و ئیماراتی هێزی سەربازی و چەک و ئەقەمەنییان لە دژی چەکدارە حوسییەکان زیاتر بکەن، لە ئێستاشدا دەوڵەتانی کەنداو و هاوپەیمانەکانی ئری وەک پاکستان و سۆماڵی هێزی ئازەیان لە یەمەن دروستکردووە، بۆ پشتیوانیکردنی هەڵمەتی سەربازیی عەرەبستانی سعودیە لەوێ. مایکڵ ئایتس لە دریژەی وتارەکەیدا ڕوونیکردووەتەوە، کە پێدەچێت مووشەکە دژەفڕۆکەکان لە قۆناغی داهاتووی ململانێکاندا لەو هاوپەیمانێتییەدا، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕابەرایەتی دەکات، زیاتر مەیلی بەلای کشانەوە لەو شەڕە ناڕوونە هەبێت، لە کاتێکدا دیارترین نەیارەکانی ڕێکخراوی داعش و ڕژێمی بەشار

هەرکەسێك بەدواداچوون بكات،تەماشای ئەم دوو دەوڵەتە بكات دەبینێت، كە ئەو شەڕە بە كرداری بوونی هەیە، چونكە هەریەكە لە ڕیاز و تاران لە ڕێگەی ئەوانەی بە لەجیاتی شەڕ دەكەن، لە یەمەن و سوریا و بەحرەین، سەرەڕای ئەو شەڕەی لە ناوچەی شیعەنشینی خۆرهەڵاتی عەرەبستانی سعودیە بوونی هەیە

ئەسەد، کەسانی سەلەفی و ئوندڕەون و ناکرێت خۆرئاواییەکان هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام عەرەبستانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە یەمەن، بە دریژایی (5) ساڵ ئەم کارەیان کرد و پێشدەچێت لە ئێستادا هەمان سیناریۆ بگوازنەوە بۆ سوریا. مایکڵ ئایتس لە دریژەی وتارەکەیدا دەڵێت: "ڕیاز پێیوایە کە ڕێکخراوی قاعیدە لە نیوەدورگەی عەرەبی، مەترسی لە چەکدارە حوسییەکانی یەمەن کەمترە، کە لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری دەکرێن. هەریەکە لە سعودیەو ئێران لە ئێستادا نایانەوێت شەڕێکی ئەقلیدیی کراوە لەنێوانیاندا بەرپا ببێت، لەگەڵ هەبوونی ئەگەرەکانی دروستبوونی گرژی و پەرچەکردار، لەسەر سنووری

شا سەلمان بن عەبدولعەزیز

محەمەد بن سەلمان

هاوبەشەکانی نێوانیان لە کەنداو، هەروەها کێڵگە هاوبەشەکانی گاز و ئەو دورگانەی کێشەیان لەسەرە چەند پۆینتێکی ڕوونن بۆ سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی لە ئایندەدا، لەوانەشە ئێران هەڵبسێنێ بە ناقیکردنەوەی مووشەکەکانی لەنزیک دەروازە دەریاییەکان و کەنارەکانی کەنداو نزیک لە سعودیە، هاوکات لەگەڵ هەبوونی چەند ئەگەرێکی نر، کە دیارترینیان بریتییە لە دانانی مینی دەریایی و ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییانەی هەردوو لە دژی یەکتری ئەنجامیان دەدەن".

نایئس پێشیوایە کە لە ساڵانی داهاتوودا لانیکەم بەریەککەوتنێکی سەربازی کورت مەودا، لەنێوان ئاران و ڕیاز ڕووددەدات، بەڵام بەریەککەوتنێکی زۆر ئوند دەبێت، چونکە هەریەک لە ئێران و دەوڵەتانی کەنداو، بە بەراورد لەگەڵ هێز و ئوانایان لە کاتی شەڕی عێراق – ئێران خاوەنی هێزێکی سەربازیی زەبەلاحن. سعودیە هێزێکی ئاسمانیی پێشکەوتووی هەیە و هاوپەیمانی سەرەکیشی لە ناوچەکەدا ئیمارائی عەرەبیی یەکگرتووە، کە لەڕووی پراکتیکییەوە زۆر بەوردی ئوانای تێکشکاندنی سەرجەم بەندەرەکان و وێستگەکانی هەڵگرتنی نەوت و دامەزراوە پیشەسازییە سەرەکییەکانی ئێرانی هەیە. لە بەرامبەردا ئەگەر بەراوردێکی هێز و ئواناکانی ئێران بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاران لە ئوانایدایە کەنارەکانی کەنداو مووشەکباران بکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی مووشەکی ئاراستەکراوی زیرەک و دوورهاوێژەوە. نایئس لەکۆتایی وتارەکەیدا گەڕاوەتەوە بۆ مێژوو، کە لە ساڵی 1988دا هێزی دەریایی ئێران لە یەک ڕۆژدا لەسەر دەستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەتەواوی تێکشکێنرا لەو ئۆپەراسیۆنەدا، کە بە (فرس النبی) ناسراوە. بێگومان ئەنیا بیرەوەری یەک ڕۆژ بۆ ئێران و دەوڵەتانی کەنداو بەسە تا ئێبگەن، کە باشترە لە شەڕ و ململانێی ڕاستەوخۆ دووربکەونەوە، ململانێکان لە گۆڕەپانی لایەنێکی سێیەم قەتیس بکەن.

لەڕاستیدا سروشتی پەیوەندی ئاڵۆز و دڕدۆنگی نێوان سعوودیە – ئێران، مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە کاتێکدا ئەم دوو دەوڵەتە خۆیان بە میرانگری ئەو ململانێ مێژوویە دەزانن، کە لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، لەدوای کەوتنی خەلافەتی عوسمانی لە تورکیا و دوورکەوتنەوەی لەسەر شانۆی ململانێکانی جیهان لەو سەردەمەدا .سیستمی سیاسی لە سعودیە سیستمێکی پادشاییە، لەلایەن خانەوادەی (ئال سعود)ەوە بونیادنراوە. ئاکو ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبات. ئێرانیش لە ساڵی 1921دا لەلایەن ڕەزا شای پەهلەوی لەسەر سیستمێکی پادشایی بونیادنراوە، بەڵام ئەم ڕژێمە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی 1979 بەردەوامی هەبوو.



قاسم سولەیمانی

ئایەتوڵڵا خامنەیی

هەردوو دەوڵەت سیستمێکی ئایینیی ئیسلامی لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام پەیڕەودەکەن. عەرەبستانی سعودیە بە دوو ئاڕاستەی جیاواز مەزهەبی سوننەی سەلەفی و ئێران مەزهەبی شیعەی باڵادەست کردووە، لە کاتێکدا ئێران توانایەکی باشی سەربازی و ئابووری هەیە، دەوڵەمەندە بە یەدەکی نەوت و غازی سروشتی.

مێژووی پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تاران – ڕیاز

ئەگەربێت و ئێران وەک هێزێکی دژ بە ئەمەریکا دەرکەوتبێت و سعودیە و تورکیاش وەک دۆستی ئەمەریکا دەرکەوتبن، ئەوا دوای دەرکەوتنی داعش هەموو نەخشەی پەیوەندییەکان و ململانێکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، داعش نامەی کۆنایی مەزهەبی سوننەیە، کە ئەگەر دەوڵەتی خەلافەت بەردەوام بێت، ئەوا ئەوەی وێنا دەکرا بە دۆستی ئەمەریکا، دەبێنە دوو کەرت و ئەم مەزهەبەش دەبێنە ئەنتی ئەمەریکا، ئەوەش دەزانین کە ئا ئێستا داعش شەڕی مەزهەبی نەکردووە، بەڵایەت شەڕی دژی شیعە نەکردووە، کە پێدەچێت سیناریۆیەک لەپشتی ئەم شەڕەوە بێت، دوای ئەوەی تورکیا ویستی بگەڕێنەوە بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی و هەموو سوننەکان یەکبخات، بەڵام ئەم هەوڵەی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە سوننەکان هەڵگری دروشمی دژەڕۆژئاوایی و ئەنجامدەری ئیرۆرن، لە بەرامبەردا شیعە سیاسەتێکی ئەندروستانەتری پەیڕەوکرد، ئێران توانیی ئەواوی هیلالی شیعە یەکبخات و دروشمەکانی دژی ئەمەریکا لە چوارچێوەی ڕاگەیاندن ئێنەپەڕی، وانا ئێران توانیی سوود لە دەرکەوتنی داعش ببینێت، بە جۆرێک کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلیشی خامۆشکرد، لەسەر هەموو ئاراستەکان و پەنەکان یاریدەکرد، نا پێگەی خۆی لە سوریا و لەناو پەکەکە و پەیەدە و فەلەستین و عێراق و یەمەن و لوبنان ڕێکخست، خۆی کردە جەمسەرێکی گرنگ لە بەرامبەر ئەمەریکا لە دژی داعش، توانیشی دەرگای گفتوگۆی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەناچاری بە ئەمەریکا بکاتەوە، وەک دوو هاوبەرژەوەندی لە بەرامبەر ترسێکی هاوبەشی وەک داعشدا، ئێران ئەو بۆشاییەی قۆستەوە، کە تورکیا نەیتوانی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە یاری نێدابکات، یارییەکەی ئێران بەردەوامی هەیە.

1. مێژووی یەکەم پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیانی نێوان ئێران و سعودیە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی 1943، کاتێک حاجییەکی ئێرانی لە کاتی بەجێهێنانی فەریزەی حەجدا لەلایەن پۆلیسی سعودیەوە دەستگیرکرا، دواتر لەسێدارەدرا، لە پەرچەکرداری ئەمەشدا ئێران پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ حکومەتی ڕیازدا ڕاگرت.

2. یەکێکی تر لەو هۆکارانەی، کە بووەهۆی نێکچوونی

بەشار ئەسەد لە سەنگەری هێزە سەربازییەکانیدا

پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی 1950 کاتێک قەوارەی ئیسرائیل لەلایەن ڕژێمی ڕەزا شاوە وەکو دەوڵەت ناسێنرا .

3. ململانێ و بەریەککەوتنی سیاسەتی دەرەوەی هەردوو وڵات جارێکی تر گرژی نێکەوت، لە ساڵی 1968 کاتێک بەریتانیا خاکی بەحرێنی بەجێهێشت، عەرەبستانی سعودیەش بەحرێنی وەکو دەوڵەت ناساند.

4. ڕوودانی کێشە و ڕووبەڕووبوونەوە لە وەرزی بەجێهێنانی فەریزەی حەج، یەکێکی تر لە هۆکاری نێکچوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و سعودیە، بە جۆرێک بووەتە هۆکاری مردنی بەکۆمەڵی حاجییانی ئێرانی، جگە لەمەش چەندین جار حاجییانی ئێرانی، نۆمەتبار کراون بە بردنەناوەوەی ماددەی تەقینەوە بۆ ناو شوێنە پیرۆزەکان. یەکێک لە نموونە دیارەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لە وەرزی حەجدا، بریتییە لە مردنی بەکۆمەڵی حاجیانی ئێران لە ساڵەکانی 1987 و 1988 و 2015دا.

5. کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن و دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە (سوریا، میسر، یەمەن، بەحرەین) سەرەڕای ئەو ململانێ سیاسییەی لە لوبناندا هەیە، لەگەڵ یاریکردنی نرخی نەوت لەلایەن سعودیەوە و بەرەوپێشچوونی ڕێککەوتننامە ئەنۆمییەکەی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا هۆکار گەلێکن بۆ ئە و ململانێ سیاسییەی، کە لەنێوان سعودیە و ئێران هاتووەتەئاراوە.

بە درێژایی ئەو قۆناغانە سعودیە و ئێران هەبوونی لەمپەر لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی یەکتر بە ئێستاشەوە، بەڵام ئەو ململانێ سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژییانە، ڕێگر نەبوون لە بەردەم هەژموون و باڵادەستیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

6. دواین ئەڵقەی بەریەککەوتنی سعودیە و ئێران بریتی بوو، لە پرسی لەسێدارەدانی زانایەکی شیعە مەزهەب لەلایەن سعودیەوە، کێشەی بنەڕەتی ئەنیا لەسێدارەدانی (نەمر باقر ئەلنەمر) نییە، بەڵکو دەرخەری ئەو کێشە و ململانێ مێژوویییەیە، کە لەنێوان ڕەوتی شیعەی ئێران و سوننەی سعودیەدا هەیە، ئەم ئێڕوانینە ئایینییە بۆ سیاسەت لای هەریەکەیان جیاوازە. (ئێرانی شیعە) پێیوایە دەسەڵاتی دینیی لێزەونکراوە، (سعودیەی سوننە)ش پێیوایە دەسەڵاتی سیاسی لێزەونکراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ململانێکانیان کێشەی سیاسی و پاوانخوازی و باڵادەستیی هەژموون و سەپاندنی ڕابەرایەتیی هەرێمایەتییە بە ڕووپۆشی ئایینی، کە لە ناوچەکەدا بەئاشکرا بوونی هەیە .

ئوندبوونی کاردانەوەکان لەنێوان سعودیە-ئێران و دابەشبوونە ئائیفی

بیۆگرافیای هاوسەنگی ستراتیژی و سەربازی ئێران و سعودیە

جۆری چەك	عەرەبستانی سعودیە	کۆماری ئیسلامی ئێران
تانك	1210	1658
زرێپۆش	5500	1300
فڕۆکەی جەنگیی	236	119
هلیکۆپتەر	200	135
کەشتیگەل	55	397
ژێرئاوی	-	32
موشەکی ستراتیژی	سەدان	هەزاران
ژمارەی سەرباز	235000 ئامادە 25000 یەدەگ	55000 ئامادە 1800000یەدەگ
خەرجی سەربازی	80 ملیار دۆلار	18 ملیار دۆلار
فرۆکەخانە	214	319
بەندەری ئاوی	4	3
یەدەگی نەوت	264 ملیار بەرمیل	145 ملیار بەرمیل

و مەزهەبییەکان و دەرکەوتنی جەمسەربەندییە هەرێمایەتییەکان، دۆخێکی نوێی نێودەوڵەتی هێناوەتەئاراوە، ڕەنگە ناوچەکە بەرەو دۆخی جەنگ ببات، بەتایبەتی لە عێراق و سوریا و یەمەن. ئەمە لە کاتێکدایە سوریا بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٢٥٤)ی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوەدەنێت، بەرەو ئاساییبوونەوە، لە کاتێکدا عێراقیش لە ئەگەری هەڵگیرساندنی جەنگێکی چاوەڕوانکراودایە، لەدوای هاتنی سوپای تورکیا بۆ نزیک شاری موسڵ، کە تایدا سوپای عێراق شەڕێکی دەستەویەخەی لەگەڵ چەکدارانی داعش دەستپێکردووە، ئەمە لە کاتێکدا تورکیا لە ناوچە کوردییەکاندا ڕووبەڕووی بەرەنگاریی کوردەکان بووەتەوە و (pkk) و سوپای تورکیا، گەیشتوونەتە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی جیددی .

بە بڕوای نایتس، بەڵای ئێرانەوە ئاسانە، تا لە بۆنەیەک زیاتر پشتیوانیی خۆی بۆ میلیشیا شیعەکان بسەلمێنێت، باشترین نموونەش پشتیوانیکردنی بوو بۆ ئەو هێزە شیعییانەی شان بەشانی ڕژێمی بەشار ئەسەد شەڕدەکەن

کاردانەوەکانی هێزە نێودەوڵەتییەکانیش بەتایبەت ئەمەریکا و ڕووسیا لە بەرامبەر لەسێدارەدانی ڕابەری شیعە (نەمر ئەلنەمر)، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سعودیەوە، تەنیا لە ڕوانگەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و هیچی تر، بۆیە ئێستا ئاسۆیەک نابینرێت بۆ دانوستان و گرتنەبەری ڕێگەچارە دیپلۆماسییەکان لەنێوانیاندا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە جەنگ لە بەرژەوەندیی هێزە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەمەریکا و ڕووسیادا نییە.

بێگومان ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆ، ئەو ڕاستییە باش دەزانن، کە لەدوای دەرکەوتنی ڕێکخراوی داعش، هەریەکە لە سوریا و یەمەن و عێراق دەکەونە ژێر دەستی ئێران، بەڵام تورکیا وەک هاوپەیمانی ئەمەریکا ناتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، بۆیە وڵاتانی سونە مەزهەب لە ئێستاوە لە باڵادەستیی هیلاڵی شیعی دەترسن، وانا دوای قۆناغی داعش، خولی دووەمی یارییەکە دەستپێدەکات، کە شەڕی نێوان ئێران و سعوودییەیە لایەک وەک نوێنەرایەتیی شیعە و لایەکەی تریش وەک نوێنەرایەتیی سوننە لە ناوچەکەدا، بە دیوێکی تردا ئەمەریکا لە ئەگەری سیناریۆکان دەترسێت، خۆ ئەگەر ئەم دوو بلۆکە هەر ڕێککەوتنێک بکەن، ئەوا ئەمەریکا دەبێت بە خواستی ئەمان بێنەوە سەر مێزی گفتوگۆکان، نەک وەک ئەوەی ئەمەریکا خۆی دەیەوێت، هەرچەندە ئەمە ئەگەرێکی دوورە، ئەوەی ماوەتەوە ئێران لە ئێستادا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە شەڕی دژی داعش، لە بەامبەردا دوای پاشەکشەی تورکیا، عەرەبستانی سعودیە ناتوانێت بێت لە گۆڕانی هاوکێشەکاندا ڕۆڵی ئەمەریکای دووەم بگێڕێت. هەر لە ئێستاوە ئەوە ڕوونە، کە نەجەف و مەککە دەبنە دوو سەنتەری دینیی گەورە، کە لەمێژە تا ئێستا شیعە نەیتوانیوە، ئەم سەنتەرەی خۆی لەژێر دەستی سوننەکان ڕزگار بکات و سوننەش تا ئاستێک خاموشی کردووە . ئەگەر هەوڵی سعودیە بۆ ئەوە بێت، کە لەدوای شکستهێنانی تورکیا هیلاڵی سوننە ڕێکبخات، خۆی ئامادەبکات بۆ قۆناغی دوای داعش، ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆش دەیانەوێت بە یەک ئاست هەردووکیان لەسەر هێڵی پەیوەندییەکانیان ڕابهێنن، نەهێڵن ئەم دوو هیلالە نە ڕێکبکەون و نە شەڕی یەکتریش بکەن، چونکە بە هەردوو دیوەکەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا، دەکەونە بەردەم هەڕەشەوە، بۆیە هەوڵی یەکخستنی سوننەکان لەسەر دەستی سعودیە، هەوڵێکی ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان سوننە و شیعە لەدوای کۆتایی داعش .

لەڕووی سیستمی حوکمڕانییەوە، ئەوە بۆ ڕۆژئاواییەکان ڕوونبووەتەوە، کە سیستمی دیموکراتی و وڵاتی کراوە، بەکەڵکی ئەم ناوچانە نایەت و ئیسلامییە تووندڕەوەکان سوودییان لێوەرگرتووە، بۆئەوەی تایدا گەشەبکەن و ببنە هەڕەشە بۆ بنەماکانی دیموکراتیەت، ئەمەش کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەورووپاش دروستکردووە، بە شێوەیەک ترسی ئەوە هەیە کە بزووتنەوە ڕاسیزمەکان دەسەڵات بگرنەوە دەست. لە ئێستادا ڕوونە کە مۆدێلی حوکمڕانی (وەلی عەهد) خەریکە بەتەواوەتی ئەم ناوچانە داگیردەکات، دووریش نییە شیعەکان هەمان مۆدیل قبووڵبکەن و بیگۆڕن بۆ سیستمی وەلی عەهد، ئینر ئەو نەتەوانەی دەکەونە ناو ئەم سنوورەوە، ئەگەر لایەنی نەتەوەییان باڵاتر بێت، ئەوا هەمان مۆدێل لەژێر ناوی نەتەوەیدا وەردەگرن.

قسەی زۆر دەکرێت دەربارەی هەڵگیرسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ

لەنێوان ئێران و سعودیە، بێگومان ئەم ئەگەرەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاڵنەرانەی، کە هەردوولا پاڵدەنێت بەرەو ئاقاری شەڕ و پێکدادان، بەتایبەتی لەدوای سەقامگیریی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام چەندین فاکتەر ئەم پرسەیان کۆنترۆڵکردووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

– ئێستا ئێران لە بواری سیاسەت و ستراتیژدا جیاواز لە ڕابردوو فێڵ و تاکتیکی زیاتر بەکاردەهێنێت، ئەم شێوازەش لە مامەڵەکردن لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە. دەرکەوتنی یەکەم بەرهەمی پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە لە سیاسەت ئەو کاتە بوو کە تاران دەستیکرد بە ڕاگرتنی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕژێمی سەدام حسێن، بەڵام شەڕی ژێربەژێری تاران لە دژی سەدام بـەردەوام بوو، هاوکات ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتی جاران و چین بەهێزکرد و چەند کەناڵێکی پەیوەندی لەگەڵ ئەورووپا و ئەمەریکادا کردەوە. ئەم شێوازە لە سیاسەتی ژیرانە گەیشتە لووتکە، کاتێک ئێران لە ساڵی 1998دا خۆی پاراست لە بەرپاکردنی شەڕ لە دژی دەسەڵاتی تاڵیبان لە ئەفغانستان، لە ترسی نقومبوونی لە زەلکاوی ئەفغانی، سەرەڕای ئەوەی کە سوپای پاسداران نزیکەی نیو ملیۆن چەکداری لەسەر سنوورەکانی ئەفغانستان کۆکردەوە، بەهۆی ئەوەی کە تاڵیبان پەلاماری ناوچەی (بامیان)ی ئێرانی دا و (20) ڕاوێژکاری سەربازی سەر بە سوپای پاسدارانی کوشت، کە ڕابەرایەتیی شیعەکانی ئەفغانستانیان دەکرد لە شەڕی دژی بە دەسەڵاتی تاڵیبان.

– سعودیە سەرقاڵی خۆپڕچەککردن و پلاندانان و مەشق و ڕاهێنان و بەهێزکردنی هاوپەیمانییە، بەتایبەتی لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان عێراق – ئێران و تاکو ئێستاش بەردەوامە، بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشڕەوییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، هەروەها بڕێکی زۆر گەورەی چەک و مووشەک و تەقەمەنی، بۆ ئەو مەبەستە تاقەتکردووە، جگە لە کڕینی نوێترین جۆری فڕۆکە لە جیهاندا، ئەمەش مانای وایە لە شەڕی نێوان هەردوو وڵاتدا، واتە ڕووخاندنی وڵاتەکانیان بەسەر سەری هاووڵاتییانی ئێران و سعودیە پێکەوە، بیریشمان نەچێت کە ئێران ژمارەیەکی زۆر مووشەکی پێشکەوتووی هەیە، دەتوانێت ئەو ئامانجانەی مەبەستیەتی بەئاسانی بیانپێکێت.

– شەڕێکی لەم شێوەیە بۆ ئێران هیچ واتایەکی نییە، ئەگەر نەبێتەهۆی سڕینەوەی ئال سعوود و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات و گرتنەدەستی لەلایەن شیعەکانی سعودیەوە. ئەمەش بابەتێکە ئەگەر تا ڕاددەیەک پێکهاتەکانی عێراق و یەمەن قبووڵیبکەن، بەڵام خێڵەکان و پێکهاتەکانی دورگەی عەرەبی قبووڵیناکەن، لێی بێدەنگ نابن، ئەگەر بێت و ئەمەریکاش لێی بێدەنگ بێت چەند هێزی تر هەن، پشتیوانی لە ئال سعوود دەکەن و دەبنە ڕێگر لە بەردەم سەرکەوتنی ئێران، هەندێک لەو هێز و دەوڵەتانە بریتین لە: فەڕەنسا، سودان، مەغریب، میسر، تورکیا و پاکستان. سەرەڕای زیادبوونی توانا سەربازییەکانی ئێران، بەڵام لە ئێستادا تاران لە پاییزی شۆڕشدا دەژی، جگە لەمەش پەلکێشکارییەکی توندی سوننە و شیعە بوونی هەیە، لە کاتێکدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕق و کینەیان لە بەرامبەر سوننە قووڵتر دەبێتەوە، ئەوەش بەهۆی ئاشکرابوونی مامەڵەی تائیفییانەی خراپ لە هەموو شوێنێک، بەتایبەتی لە عێراق و سوریا. هەرچەندە نزیکەی (150) ملیۆن شیعە لە سەرتاسەری جیهاندا قووڵاییەکی مرۆییان دەستەبەرکردووە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئێران بەهۆی ئەو کێشە و گرفتە بەردەوامەی، لە عێراق و سوریا پێیانەوە گیرۆدە بووە، بەڵام هەڕەشەکانی شیعە بە داگیرگردنی هەردوو حەرەمی پیرۆز هەستی نزیکەی یەک ملیارونیو سوننەی جیهان دەورووژێنێت، کە دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێزی سوپای سعودیە لە بەرامبەر ئێران.

– ئێران لەدوای لابردنی سزا نێودەوڵەتییەکان لەسەری، ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت و بۆی هەیە بەم نزیکانە تا 3–2 ملیۆن بەرمیل زیادی بکات، بەڵام لەبەرامبەردا سعودیە ڕۆژانە (12) ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنێت و هەوڵی زیادکردنیشی دەدات. لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەم هۆکارانە پێویستە چاومان لەسەر ئەگەری ڕوودانـی ئەو شەڕە بێت لە ئایندەدا، ئەمەش هەموو ئەگەرەکان بەکراوەیی دەهێڵێتەوە.

سەرچاوەکان:

http://www.elmogaz.com/node/356069

https://ar.islamway.net/scholar/3835D9

http://skurd.net/old1/index.php/2014-07-26-15-00-38/1898

http://www.dw.com/ar

http://www.addiyar.com/article/1234560-

خەمی سعودیە - ولاتانی کەنداو

پاڕێزگاریکردن لە ناوەندێتیی دورگەی عەرەبی

لەبەردەم پەلهاویشتنی ئێران

شەفیق ئەلغەبرا
لەعەرەبییەوە: ئارا سەباح

IDEA DIPLOMATIC

شەفیق ئەلغەبرا

بارێکی قەیراناوی و ناسەقامگیر ناوچەی کەنداوی داگرتووە، بەهۆی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی تووشـــی هەرێمی عەرەبی بووە، لە هەمان کاتیشدا ترس و دڵەڕاوکێی زۆر، بووە هۆی فروانبوونی هێزی ئێران و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی و کشانی بەرەو ڕوانگەی جوگرافیی ناوچەکە، بەڵکو ترسانیش لە ئایدۆلۆژیا نیمچە شۆڕشگێڕییەکەی و سیستمە سیاسییە بەدامەزراوەکراوەکەی و ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی، لەگەڵ دەوڵەتانی خۆرئاوا واژۆی کردووە. دەسەڵاتی ئێران قۆناغ بە قۆناغ لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی گەلی سوریا، هەوڵیداوە پێگەی ڕژێمی بەشـــار ئەسەد بەهێزبکات، پشتیوانیی چەکدارە حوسییەکانی یەمەن دەکات، بەتایبەتی لەدوای دەســـتگرتنیان بەســـەر زۆربەی ناوچەکانی ئەو وڵاتەدا، هەروەها دەرگاشـــیان کردەوە بۆ سەپاندنی هەژموون بەســـەر هاوسەنگییەکانی عێراق لەدوای شـــەڕی 2003، ئەمە ســـەرەڕای گەورەبوونی ڕۆڵی ئێران لە لوبنان و سوریا لە ڕێگەی حزبوڵڵا و زیادبوونی ڕۆڵی ئەو حزبە لە گۆڕەپانی سوریا. لە لایەکی تردەوە، شانشینی سعودیە، کە تاکە دەوڵەتی بەهێزی کەنداوە لەڕووی سەربازییەوە و خاوەنی گەورەترین ڕووبەری زەوییەوە ڕێژەی دانیشـــتووانی زیاترە لە (28) ملیۆن کەس، لە ئێســـتادا لە زیاتر لە بەرەیەکدا بەرەنگاربوونەوە بەڕێوەدەبات، بەتایبەتی دوای ئەوەی شا سەلمان لە سەرەتای ساڵی 2015وە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست.

لەڕاستیدا سعودیە هێز و تواناکانی نەرخانکردووە بۆ بەرگریکردن لە ڕوانگە ئاساییشییەکەی، ئەمەش لەدوای لەرزاندنی ئاسایش و ئارامیی هەرێمەکە، بە ئاسایش و ئارامیی کەنداویشەوە. ئەمە پاڵی پێوەناوە لە زۆربەی ئاراستەکاندا سەرکردایەتی و پێشەنگیی خۆی بەرجەستەبکات، بەتایبەتی لەلایەن خودی جێنشینی سعودیەوە بە ئامانجی ئەوەی خۆی لەپشت یەکڕیزیی کەنداوییەکان بوەستێت، بەبێ هیچ جیاوازییەک. لەم ژینگە نوێیەدا شانشینی سعودیە سەبارەت بە بوونی جیاوازییە بنەڕەتییەکان لە هەڵوێستی وڵاتانی ناوچەی کەنداو، لێبوردەیی کەمترە. ناوچەی کەنداو بە سەرکردایەتیی سعودیە ڕووبەڕووی زیانێر لە هەڕەشەیەک بووەتەوە. لە لایەک ئێران، پاشان ڕێکخراوی داعش، کە بووەتە جێی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی سعوودی و ئوردونی و تونسی. هەروەها کەنداو بە شێوەیەکی سنووردار ڕووبەڕووی هەڕەشەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیخوان موسلمین بووەتەوە، بەو پێیەی کە کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە لە دەرەوەی سیستمی سیاسی کاردەکات. سەرەڕای ناکۆکیی سعودیە لەگەڵ بزووتنەوەی (ئیخوان موسلمین)، دەبینین شانشینی سعودیە لە ساڵی 2015وە لە یەمەن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لە کاتێکدا دەوڵەتانی تری کەنداو دژایەتی دەکەن، لە سایەی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ میسر. دەبینین قەتەر لە هەڵوێستەکانیدا پشتیوانی لە ئیخوان و تۆپۆزسیۆنی میسر دەکات. وڵاتانی کەنداو سەرکەوتوو بوون لە پۆلێنکردنی حزبوڵڵا وەک گرووپێکی تیرۆریستی، ئەمە لە کاتێکدایە کە ناکۆکیی ئائیفی لەگەڵ شیعەکان لە ناوچەی کەنداو بەرەو قوڵبوونەوە دەچێت، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێنەوە بۆ ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان سعودیە – ئێران، لە لایەکی تریشەوە بەرئەنجامی لاوازیی میکانیزمەکانی دادپەروەری و دیموکراسییە، لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە ناوچەی عەرەبیدا، کە چەند ئائیفەیەکی شیعە

مەزهەب هەیە، پەراوێزدەخرێن و جیاوازییان لە بەرامبەر دەکرێت. پەراوێزخستن و پشگوێخستن دیاردەیەکی گشتییە لەم هەرێمە و بەرامبەر چەند پێکهاتە و گرووپێکی خێڵەکی و ئائیفی جیاوازی کردووەتە ئامانج، وانە پەراوێزخستن لە واقیعی ناوچەی عەرەبیدا دیاردەیەکی گشتییە.

عەرەبستانی سعودیە دوور نییە لە ئەگەری دۆزینەوەی چارەسەری ناوەند لەگەڵ ئێران. کەوانە هەوڵەکانی سعودیە بە ئاراستەی گۆڕینی هاوسەنگیی هێزەکان و کۆکردنەوەی زۆرترین کارتی فشار بۆ وەستاندنی پەلهاویشتنی ئێران هەنگاوەدەنێت، کە دروستکردنی پردی پەیوەندیی بەهێزتر لەگەڵ تورکیاش دەگرێتەخۆ. لەبەر ئەوە هێشتا شانشینی سعودیە واقیعبینیی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە باش دەزانێت کە ئێران دەمێنێت و جوگرافیاش گۆڕانی بەسەردا نایات. ئامانجی جموجووڵی ئێستای کەنداوییەکان و سعودیە، بریتییە لە دروستکردنەوەی هاوسەنگیی ستراتیژی بۆ بارودۆخی عەرەبی، هەروەک لەپێش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بە شێوەیەکی ڕێژەیی بوو، بەڵام ئەم هەوڵدانە پڕە لە ئاستەنگ و هەڕەشەی ناوخۆیی و هەرێمی، هەروەک ئاستی ئەو گۆڕانەی لە جیهانی عەرەبیدا دروست بووە، بە هەندی وەرنەگرتووە. بەهەرحاڵ هەموو دەوڵەتانی کەنداو هەمان نێڕوانینی سعودیەیان نییە، لەهەمبەر هاوکێشە هەرێمییەکان و ئێران، بەڵکو چەند نابەرابەرییەک هەیە، کە جوگرافیا و شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی سەرکردەکانی قەتەر و ئیمارات و کوێت و عومان سەپاندوویەتی، لەبەر ئەمە شنێکی ئاساییە، کە لە کاتی هێوربوونەوەی شەڕەکاندا ئەم نابەرابەری و جیاوازییانە ڕوون بێنەوە و باس لە دۆزینەوەی چارەسەر و سەودا و گەشەی ئابووری بکرێت. ئەنیا ئەوەندە بەسە کە سوڵتانانشینی عومان هەستا بە خۆشکردنی زەمینەی دانوستانەکان، کە ڕێککەوتنی ئەمەریکا و خۆرئاواییەکانی لەگەڵ ئێران لێکەوتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەندێک لەو نابەرابەری و جیاوازییانە، هەروەها کوێت بووە شوێنی دانوستان لەنێوان حوسییەکان و لایەنە ناکۆکەکان لە یەمەن.

وڵاتانی کەنداو کۆک و یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کە ئرسیان لە پەلهاویشتنی ئێران و لە بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ هەیە، بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوە، بۆیە دەخوازن چوارچێوەیەکی عەرەبی ئیسلامی کۆدەنگی هەبێت، کە ئەندازەیەک ئاساییش و هاوسەنگی دەستەبەربکات، بەڵام تا ئێستا کۆک نین لەسەر پێویستیی ناوچەکە، بە چاکسازیی سیاسیی مەودا ناوەند. شۆڕشە عەرەبییەکان لە ساڵی 2011 ترس و دڵەڕاوکێی لە لای وڵاتانی کەنداو دروستکرد، بەهۆی کاریگەریی ئامرازەکانی ئەکۆلۆژیای نوێ لە ڕێگەی (ئوینەر، فەیسبوک)وە، ئەمە سەرەڕای ترسان لە سیاسەت ڕێکخستنی عەرەبی هەرچەندێک ئاسان بێت. لەبەرئەمە بەدیاریکراوی لە ناوچەی کەنداو ئەو یاسایانە زۆر بوون، کە ئازادییەکان سنووردار دەکەن، بەتایبەتی لە بواری ئامراز و هۆکار تازەکان. لە کاتی وردبینی کردندا بۆمان دەردەکەوێت، کە

پێدەچێت لە ژینگەیەکی ئاوادا شانشینی سعوودیە هەستیکردووە، بە پێویستبوونی لەسێدارەدانی ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدە و سەرکردەکانی شیعە لە سعوودیە، بەڵام لەسێدارەدان وەک سزایەک لە بۆتەی تووندڕەویی سیاسی و تیرۆر یان ئۆپۆزسیۆنی تووندڕەو لە هەریەک لە ئێران و سعوودیە

بەحرەین بە شێوەیەکی ئاسۆیی دابەشبوونێکی گەورەی لە نێوان زۆرینەی شیعە و کەمینەی سوننەی تیادا ڕووداوە، بەڵام سەبارەت بە کوێت ئەم تازادییانە چەسپاوترن، چونکە بزووتنەوەی سیاسیی ئاشتییانە لەو وڵاتەدا هێور بووەتەوە، لە سایەی دەوڵەت و گرتنەبەری سیاسەتی تووند لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیە، کە لە ساڵی 2011دا تووند و فراوانتر بوو. ژینگەی تازەی کەنداو هەمووانی خستووەتە ناو تەڵەزگەیەکی هەرێمی و ناوخۆییەوە لە هەمان کاتدا. سەرەڕای هاوکاری و پشتیوانی زۆری شانشینی سعودیە بۆ میسر، کە لەدوای ساڵی 2013وە دەیان ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، دەبینین

سوپای عەرەبستانی سعودیە

ڕۆڵی میسر بە سەرکردایەتیی سیسی پاشەکشەی کردووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتانی عەرەبی بەهۆی ڕۆیشتن بە ڕێچکەی دیکتاتۆریەت و گەندەڵیدا، گۆڕاون بۆ دەوڵەتانی شکستخواردوو، هەموو ئەمانەش لە سایەی بڵاوبوونەوەی چەکەوەیە بە درێژی و پانی ناوچەی کەنداو. لە ڕابردوو لەپێش ساڵی 2011 ئەنیا ئەوەندە بەس بوو بۆ سەرکردە عەرەبەکانی کەنداو، کە پرسێکی ناوخۆیی یان هەرێمی چارەسەر بکەن، لە ڕێگەی ئەنجامدانی پەیوەندیی ئەلەفۆنی و هێنانی لایەنە ناکۆکەکان، بەئاسانی بۆ سەر مێزی دانوستان، بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە شەڕ دەخوازێت و حوکمی ئوند بەسەر نەیار و ڕەخنەگراندا دەسەپێنێت. لە ڕابردوودا دەوڵەتانی کەنداو ناچار نەبوون شووڕا بە دەوری خۆیاندا بکێشن، هەروەک ئێستا سعودیە لەسەر سنووورەکانی لەگەڵ عێراق و یەمەن دەیکات، بۆیە شـووڕا نیشانەیە لەسەر نەبوونی باوەڕبوون بە هەبوونی چارەسەری جیددی، بۆ ئەو کێشە و گرفتە درێژخایەنانەی، کە هەرێمی کەنداو بە دەستیانەوە گیرۆدە بووە، جگە لەمەش دروستکردنی شووڕا و دیوارەکان ناکۆکی و ناچوونیەکیی ئوند بۆ ناوخۆ و دەرەوەش دروستدەکات. لە ڕابردوو لێکنێگەیشتنی نێوان سعودیە– سوریا– لوبنان ئوانیی لوبنان هێوربکاتەوە، کۆتایی بە شەڕەکەی بێنێت، بەڵام ئێستا شەڕی سوریا پێی نایە پێنجەم ساڵیەوە. لە ڕابردوو دابەزینی نرخی نەوت هێندە کاریگەری نەبوو، بەڵکو هەندێک جار گەشبینی بەدوادا دەهات، بەڵام ئەمڕۆ لە قۆناغی نەوت بەپێی زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان و ئوێژینەوەکان ئاماژە دەکرێت، بۆ گیرسانەوەی لەسەر نرخێکی مامناوەندی بە جۆرێک، کە ناگاتەوە بە دۆخی ساڵی 2015، ئەمەش بۆ خۆی کێشەی گەورە بۆ دەوڵەتی پشتبەستوو بە داهاتی نەوت، لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە دروستدەکات.

شەڕە هاوچەرخەکان لە دەوروبەری کەنداو، پاساوەکانیان

هـەرچیـەک بێت، لەکۆنایيدا چەند شەڕێکن کـە بە سەرکەوتنی کەم یان بە هیوا لەدەستدانی گەورە کۆنایيان پێدێت، هەندێک جار سەرکەوتن بە نامی دۆڕان دەبێت، ئەمەش بەهۆی پێدانی باجی گەورە و قەبارەی داچۆڕینی ئواناکانەوەیە. بۆ نموونە لە شەڕی یەمەن، ناچونیەکی و نابەرابەریی زۆر هەیە، گرنگترینیان ئەو هێزەیە، کە بۆ "ڕێکخراوی قاعیدە لە دورگەی عەرەب" بەدەستهاتووە، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوشێوەی ئەوەی، کە ڕێکخراوی داعش دروستیکرد، سەرەڕای گەشەکردنی ئاسۆکانی جووڵەی باشووری یەمەن لەسەر حسابی یەکێنیی نێوان باکوور و باشوور. پێدەچێت لە ژینگەیەکی ئاوادا شانشینی سعودیە هەستیکردووە، بە پێویستبوونی لەسێدارەدانی ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدە و سەرکردەکانی شیعە لە سعودیە، بەڵام لەسێدارەدان وەک سزایەک لە بۆنەی ئوندڕەویی سیاسی و ئیرۆر یان ئۆپۆزسیۆنی ئوندڕەو لە هەریەک لە ئێران و سعودیە، بۆ خۆی ململانێکان دەبووژێنێتەوە و زەمینە دروستدەکات، بۆ سەرهەڵدانی ئوندڕەویی زیاتر، بە هەموو ئاراستەکاندا، بۆیە ئەنجامەکانی لە ئایيندەی دیاردا بریتییە لە پێکهاتەیەک لە هاوسەنگی و ناهاوسەنگی و براوە و دۆڕاو.

ململانێی نێوان ئێران - کـەنـداو جگە لە یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ژینگەی هەنووکەیی جیهانی عەرەبی هیچی تر نییە. بۆ نموونە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکی ئیسلامی گەورە، کە هەریەکە لە میسر، سودان، پاکستان و دەوڵەتانی دیکەی ئیسلامی بگرێتەخۆ، زۆرێک خاڵی ئەرێنی ئێدایە، لە چوارچێوەی دیدگای سعودیە بۆ هاوسەنگیی هەرێمی، لەڕاستیشدا پێدەچێت ئاکە ڕەهەندی بەردەست بێت، بەڵام ئەم دەوڵەتە هاوپەیمانانە سەقامگیر نین، بەتایبەتی کە ئۆماریکی نەرێنیی خراپیان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا هەیە. بەتایبەتی میسر هەڕەشەی لەسەر دروستبوونی گۆڕانکاری لە نزیکترین وەرچەرخاندا کە ڕووبداتـ. ئەوەندە بەسە بڵێین، کە هەرێمی عەرەبی بە شێوەیەکی کەمتر ڕێگەی بە مافی کاری سیاسیی ئاشتیيانە داوە، لانیکەم لە سایەی نەبوونی ئەم مافانەدا، هەرێمی عەرەبی زیاتر ڕوو لە عەسکەرتاریەتـ و بەرەنگاربوونەوەی نێوان ئەو دەوڵەتە ئەمنییانە دەکاتـ، کە لە گۆڕانکاری و ئەو گەلانە دەترسن، کە هەوڵ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی زیاتر هاوسەنگ و کراوە دەدەن. ئەم دیالیکتیکەی نێوان ئوندوئیژی و ئاشتی و نێوان دەوڵەتی ئەمنی و دەوڵەتی دیموکراتی، یەخەی ئەم هەرێمە عەرەبییە بەرنادات و دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی نەتوانین بۆ داخستنی پەنجەرەکان بە ڕووی ئێراندا.

بەشێکی ململانێکە لە هەرێمی عەرەبی گۆڕاوە بۆ ململانێی ئێران - عەرەب، بەڵام ئەم ململانێیە ڕەنگدانەوەی قەیرانی قووڵی هەرێمی عەرەبی و ئەو دۆخە سیاسییەیە، کە دەرگا دەکاتەوە لە بەردەم زۆرێک لە دەستێوەردانی دەرەکی و ململانێ و ناکۆکیی لاوەکی، لەم چوارچێوەیەشدا ململانێی نێوان شیعە و سوننە نەقییەوە، بەڵام نە شیعەکان لەو نەخشەیە دەترسن، نە سوننەکانیش لە هاوکێشەکان دەردەچن، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ململانێ لەگەڵ نائگەیەتێنە سازان و سازشکردن، سازشکردن بەنیا سەبارەتـ بە ململانێ لەگەڵ ئێران، بەڵکو سەبارەتـ بە مافەکانی شیعە و سوننەیە، وەک هاوولاتییان لەناو وڵاتەکانیان پێش ئەوەی ببنە ئەندام، لەناو ئائیفە یان خێڵ و هۆزەکانیان و بەشێک لە دانیشتووانی ئەم هەرێمە. سازانەکانی داهاتوو ئایەتـ دەبێتـ بە جیاوازیی نێوان کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراو و گەرەنتییە یاساییەکان، بۆ کەسانێک کە خاوەنی دەنـگ نین. بەدڵنیاییەوە لە ئایيندەدا هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکە، کە بەهاری عەرەبیی ساڵی 2011 وروژاندوویەتی: ئایا پێگەی بەشداریکردن، دەربڕین، ئازادی، گەرەنتییە یاساییەکان، دادپەروەری، مافی پەراوێزخراوەکان، ئەنجوومەن، پەرلەمانەکان، هەڵبژاردن و ئابووریی ئازاد لە نیشتمانەکاندا بۆ هەمووان فەراهەم دەبێتـ؟

*** شـــەفیق ئەلغەبرا: مامۆستای زانستی سیاســـی لە زانکـــۆی کویـــت**

ســـەرچاوە:

پەیمانگای واشنتۆن بۆ توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتی نزیک http://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/between-iran-and-the-gulf-an-environment-in-transition

لە شەڕی یەمەنەوە بەرەو شەڕ لەسەر جێنشینی؛

عەرەبستانی سعوودی نوقم لە لمی ڕەوانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

وەگێڕانی بۆ فارسی: بهروز عارفی
لەفارسییەوە: ئایسا ئارام

IDEA DIPLOMATIC



ئالان گریش

شـــا سەلمان دوو ساڵ دوای بوونە شای، ڕووبەڕووی گرفتی جۆراوجۆر بووەتەوە. دەســـتوەردانی ســـەربازی لە یەمەن، سوریا، عێراق و لوبنان و عەرەبستان چەند جارێك شکستی خواردووە. هەروەهـــا لە کاتێکدا کە چاکســـازیی ئابووریی ئێســـتای عەرەبســـتان ڕەخنەی لێدەگیرێت، هێشتا بابەتی جێنشینیی شا بێوەلاّمە.

ئەگەر دیپلۆماتەکانی ڕیاز لەسەر خاڵێك هاوڕا بن، ئەوەیە کە ڕابەرانی ســـعوودیە، لە هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە دۆخـــی ناوچەکـــە لە ڕوانگـــەی هەڕەشـــەی ئێرانەوە لێکیدەدەنەوە. دیپلۆماتکارێك دەڵێت:"ڕابەرانی سعوودیە لە هەموو شوێنێك دەستی ئێـــران دەبینن و ڕاگەیاندنەکانی ئێران بەجیددی وەردەگرن، لە هەموو شـــوێنێك جارێان داوە، کە ئێران چوار پایتەختی عەرەبی (بەغدا، ســـەنعا، بەیروت، دیمەشـــق) ی کۆنترۆڵ کـــردووە." دیپلۆماتەکانی تریش دەڵێن "ئێران هەموو بیرکردنەوەکانی ئەوانی داگیرکردووە، ئەمان بیریان چووەتەوە، کە ئێران هاوســـێیانە و سەربەخۆ لە هـــەر تێڕوانینێك لە بارەی سیاســـەتەکانییەوە، ئەم ولاّتە بە جوولاّندنی پەنجەیەك لەناوناچێت." ســـەرجەمیان دەســـتوەردانی ســـعوودیە لە یەمەن هەمان سەرقاڵی بیرکردنەوەیان لەبارەی ئەو ولاّتە کورتدەکەنەوە.

ئەو بۆچوونەی دیپلۆمانەکەی سعوودیە دەربیڕیوە، زۆربـــەی بەرپرسانی ڕیاز پشتڕاستی دەکەنەوە، بەم شێوەیە کە "ئێمە بژاردەیەکی ترمان نییە، ئەمە پێویستە بوو. لە دیدی ئێمەوە یەمەن بابەتێکی ناوخۆییە، ئێمە پێویستمان بە ڕژێمێکی دۆست و سەقامگیر لەوپەڕی سنووردەکانمان هەیە. ئەمە بابەتێکی ئاساییشی ناوخۆیە." هەروەها ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە ژمارەی دانیشتووانی یەمەن و عەربستان یەکسانن.

چالاکیی گەردەلولی خۆڕاگری بە هیچ شێوەیەك یەکلاکەرەوە نەبوو.

سەلمان ڕێککەوتی ٢٠١٥/٣/٢٣ دوای مردنی شا عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز جێگەی گرتەوە، بوو بە شا. سەلمان بە وەلاوە نانی سیاسەتی دەرەوەی خۆپارێزی دەیویست نیشانیبدات، کە شانشینی سعوودیە ئامادەیە بەرگری لە بەرژەوەندییە ژیارییەکانی خۆی بکات. بەتایبەتی دوای ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەهۆی ڕێککەوتن لەسەر بەرنامە ناوکییەکان زیاتر لە ئێران نزیکبووەوە، یان سیاسەتی ناکارای لە سوریا ئیتر وەک هاوپەیمانێکی وەفادار لێینەدەڕوانی، لەبەرئەوە مانگی ئازاری ٢٠١٥ بە سەرۆکایەتیی هاوپەیمانێتییەکی پێکهاتوو، لە دە وڵاتْ بە ئامانجی دامەزراندنی حکومەتێکی یاسایی، کە بە دەستی حوسییەکان ڕووخابوو، بە هێزی سەربازی ڕۆیشتە ناو یەمەنەوە. عەرەبستان، حوسییەکان بە داردەستی ئاران دەزانێت.

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکیی گەردەلوولی خۆڕاگری، هەموو شتێک بوو بێجگە لە یەکلاییکردنەوە. ئەم چالاکییە توانای سەربازی و سیاسیی سعوودیەی نماییشدەکرد. لەگەڵ جێگیرکردنی دەیان هەزار سەرباز لەسەر سنووردەکانی، عەرەبستان ناچار بوو بە درێژایی ٢٠٠ کیلۆمەتر و پانی ٢٠ تا ٣٠ کیلۆمەتر ناوچە سنوورییەکان چۆڵبکاتْ و حەوتْ هەزار کەس گوندەکانیان لە ترسی هێرشی حوسییەکان چۆڵکرد، حوسییەکان درێژەیان بە هاویشتنی موشەکەکانیان بۆ شارەکانی باشووری سعوودیە لەوانە (جازان) درێژەپێدا. دەوڵەتی عەرەبستان ژمارەی سەربازە کۆژراوەکانی بە ٥٠ سەرباز ڕاگەیاندووە، بەڵام لەڕاستیدا زیاتر لە ٨٠٠ کەس کۆژراون.

محەمەد بن نایف

محەمەد بن سەلمان

دواترین هەڵەی عەرەبستان بۆردومانی بۆنەیەکی شیعەکان بوو، لە سەنعا ڕێککەوتی ٢٠١٦١٠٩، کە بووەهۆی کوژرانی ١٤٠ کەس. ئەم ڕووداوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاردانەوەی لێکەوتەوە، ئەمەریکای ناچارکرد ئەو جبەخانەیەی بڕیار بوو بیدات بە عەرەبستان ڕابیگرێت. حکومەتی ڕیاز دوای چەند مانگێک نکۆڵیکردن، ڕێککەوتی ١٢/١٩ بەڕەسمی ڕایگەیاند ئینز سوود لە بۆمبە هێشوویەکانی بەرهەمهێنراوی بەریتانیا وەرناگرێت.

عەرەبستانی سعوودی بەهۆی ئەو شەڕەوە زیانی ئابووریی زۆری بەرکەوتووە، سەرچاوە جیاجیاکان ڕایدەگەیەنن نێچووی شەڕەکە دوو تا سێ ملیار دۆلار، یان زۆر زیاتر گەیشتووەتە حەوت ملیار دۆلار، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دابەزینی نرخی نەوت گرفتی زۆری بۆ عەرەبستان دروستکردووە.

بەڕێوبەرێکی عەرەبستان، گرنگی بەم بابەتە نادات، لە شیکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندووە، کە دەستیان بەسەر ٨٠% مووشەکەکانی حوسییەکاندا گرتووە، ڕێگەیان لە حوسییەکان گرتووە دەست بەسەر باشووری یەمەن و هەموو وڵاتەکەدا بگرن. ئەم دڵخۆشییە بچووکە لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا زۆر لێک دوورە، کە یەکێکیان گرتنەوەی سەنعا بوو. چونکە ڕیاز هەوڵدەدات خۆی لەو قەیرانە قوتار بکات. چونکە کشانەوە لە شەڕ لە چوونە ناو شەڕەوە قورستر. عەرەبستان نەک دەبێت ئاگاداری دۆزمنەکانی بێت، بەڵکو پێویستە ئاگاداری سترانیژی هاوپەیماناکانیشی بێت، کە بەرژەوەندی و سترانیژی خۆیان هەیە. بەم شێوەیە ئیمارات، کە لە یەمەن زۆر چالاک بوو، سەدان سەربازی لەو وڵاتە بوون، ئرسی لە (بزووتنەوەی چاکسازی) لقی یەمەنی ئیخوان موسلمین هەیە.

ناجێگیری و پەرشوبڵاوی ناوچەیی

لە دیدی شا سەلمانەوە، دەستوەردان لە یەمەن ئەنیا قۆناغی یەکەمی گەرانەوەی سعوودیە، بۆ گۆڕەپانە ناوچەییەکە بوو. بۆ یەکەم جار دوای ساڵی ١٩٧٣ و گەمارۆی سەر نەوتی سەردەمی شەڕی عەرەب – ئیسرائیل، عەرەبستان بێ ئەمەریکا چالاکییەکی ئەنجامداوە. سەلمان هەوڵیدەدا، ڕەوەندی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و جیهان خاوبکاتەوە.

لەسێدارەدانی (نەمر باقر ئەلنەمر) نەیاری شیعەی سعوودیە ساڵی ٢٠١٦ و دوای ئەوە هێرشی نۆڵەسەندنەوە بۆ سەر باڵیۆزخانەی سعوودیە لە ئاران، بە پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستان کۆتاییهات. چەند وڵاتێکی کەنداوی فارس پەیڕەوییان لە عەرەبستان کرد. دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی ڕایگەیاندووە "لە ئێستا بەدواوە هەر ڕووداوێک لەنێوان عەرەبستان و ئێران ڕووبدات، ئێران لەلایەن ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، دوائر کۆمکاری عەرەبی و لەکۆتاییشدا لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاریی ئیسلامییەوە

ژمارەیەک لە چەکدارانی حوسی

مەحکومدەکرێت." بەڵام ئەوەندە بەسە لە دۆخی ناوچەکە بڕوانین، بۆئەوەی لە سنووردارییی بڕیارەکانی هێرشی سعوودیە نێبگەین.

لە سوریا گرنتەوەی حەڵەب لە کۆنایی ساڵی ٢٠١٦دا لەلایەن سوپای سوریاوە، بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانی ڕووسیا، ڕاوێژکارە ئێران و میلیشیا شیعییەکانی لوبنان و عێراق، ڕژێمی بەشار ئەسەد کە سعوودیە هەوڵی ڕووخاندنی دەدا، پێگەی بەهێزتر بووەوە. لە عێراق هەوڵەکانی نزیکبوونەوە لە حکومەتی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق هیچ ئەنجامێکیان لێنەکەوتەوە. (السبحان) باڵیۆزی سعوودیە لە عێراق، بەردەوام ڕۆڵی میلیشیا شیعەکانی (حەشدی شەعبی) ئاشکراکردووە، لێدوانەکانی باڵیۆزەکەی سعوودییە، بوونە هۆی ئەوەی ٢٠١٦١٠٢٨ حکومەتی عێراق، داوای لێبکات خاکی عێراق جێبێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا دیپلۆماتێکی سعوودی بەدڵنیاییەوە وتوویەتی "پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق بەردەوامن. هەرچەندە ئێمە خوازیاری ئەوەین، کە حکومەتی عێراق بۆ سەرجەم چینەکانی عێراق بێت. داعش لە ئەنجامی پەراوێزخستن و دەرکردنی سوننەکانەوە دروست بوو. دەست لەکارکێشانەوە (نوری مالیکی) سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق پێویست بوو، هەرچەندە هێشتا کاریگەری ماوە."

لە لوبنان دوای بڕینی یارمەتییەکانی عەرەبستان بۆ ئەو وڵاتە، حکومەتی ڕیاز لە گۆڕەپانی سیاسیی لوبنان کشایەوە. کاتێک کە جەنراڵ (میشێل عۆن) هاوپەیمانی حزبوڵڵا، بۆ سەرۆککۆماری لوبنان هەڵبژێردرا، محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و (مەنسور فەزلوڵڵا عەزام) نێردەی ئایەتی بەشار ئەسەد بۆ پیرۆزبایی لە سەرۆککۆماری لوبنان، یەک لەدوای یەک گەیشتنە بەیروت، ئەوەش لە کاتێکدا کە دوو مانگ بەر لەو کاتە باڵیۆزی عەرەبستان ئەو وڵاتەی جێهێشتبوو.

گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان سعوودیە و میسر

ئایەتێکی قورئان لەسەر دەرگای وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستان هەڵواسراوە، [یا ایها الناس ان خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم

شعوبا و قبائل لتعارفوا] لەڕاستیدا دیپلۆماتە سعوودییەکان بەدژواری دەتوانن وەرگێڕدراوی ئەم ئایەتە بکەن بە کردار، بەرامبەر وڵاتە سوننەکانیش. بۆ بێتاوانیی ئەوان دەتوانرێت بوترێت، کە دۆخی ناوچەکە هەرگیز تا ئێستا بەو شێوەیە ناسەقامگیر نەبووە، کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بووەتەهۆی بەهێزبوونی گرووپە میلیشیا چەکدارییەکان، هاوپەیمانێتیی گۆڕاوەکان کە ئێیاندا دوژمنانی دوێنێ بۆ هاوپەیمانی ئەمڕۆ گۆڕاون. قەتەر و عەرەبستان کە ماوەیەک دژی یەکتر بوون، لە یەکتر نزیکبوونەوە، هاوکات پەیوەندییەکانی ڕیاز – قاهیرە ڕووی لە خراپی کردووە. هەوڵەکانی ئیماراتْ بۆ ناوبژیوانی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا بە هیچ نەگەیشتووە. هەوڵەکان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی گەورەی وڵاتە ئیسلامییە سوننەکان دژی ئێرۆریزم، کە بە پەلەپڕووژێ لە ڕێککەوتی 15/12/2015 ڕاگەیێنرا، لە ڕاگەیێنراوێک نێپەڕی نەکرد. هەروەها پێشنیاری گۆڕانی فۆڕمی (ئەنجوومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو) بۆ یەکێتییەکی بەرفراوان لەلایەن عەمانەوە ڕەتکرایەوە، وڵاتانی ئەندام بەگومانن لە کۆتتڕۆڵکردنی ئەو یەکێتییە لەلایەن عەرەبستانەوە.

ناکۆکی لەناو دەرباری سعوودی

ڕۆژنامەی الوطنی سعوودی، ناوەڕاستی ساڵی 2016 گوتارێکی شازادە محەمەد بن نایف، جێنشین و وەزیری دەوڵەتی بڵاوکردەوە. چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە ڕۆژنامەکە هەواڵەکەی پاککردەوە و ڕایگەیاند، کە ماڵپەڕەکەیان هاک کراوە، بەڵام کەس باوەڕی پێنەکردن.

بەڵام شازادە چی وتبوو؟ شازادە وتبووی "هەرچەندە ئێمە وەڵامی خواستەی حکومەتی یاسایی یەمەنمان دایەوە، بەڵام گەردەلوولی خۆڕاگری درێژەی کێشا و لە دەستی ئێمە دەرچوو، لەوانە بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندام ئەرکەکانی خۆیان ئەنجامنەدا." ئەوەش ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بۆ میسر بوو، کە هێزی سەربازی نەنارد. ئەو لە درێـژەدا وتوویەتی "لە سوریا ئێمە دەمانویست بە یارمەتیی تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنین." لە ئەنجامیشدا وتوویەتی "پیویستە ئێمە بە سیاسەتەکانماندا بچینەوە" هەروەها لەبارەی ئەم دوو بابەتەوە ئیمتیازی واقیعی و ئـازاردەر بدەین، ئەگەر بمانەوێت جیهانی عەرەبی لە کێشمەکێشە بێکۆتاکاندا ڕۆنەچێت.

لە وڵاتێک کە دەست بەسەرکردنی تیرۆریستان ئەرکە، لە وڵاتێک کە لەبەرامبەر تاشکراکردنی تیرۆریستان پاداشت هەیە، سەرقاڵی شا و وەزیری دەوڵەتْ بەر لە هەرشتێک شەڕە لەگەڵ گرووپە تۆندڕەوە نێودەوڵەتییەکانی، وەک قاعیدە و داعش. ئەو لەبارەی گفتوگۆ ناوچەییەکانەوە، ڕێگەچارەی سیاسی بە باشتر دەزانێتْ، چونکە تۆرسی ئەوەی هەیە، کە پڕوپاگەندەکانیان لە قازانجی ئەو گرووپانە تەواو بێتْ.

بەڵام ئەم سکاڵایەش لەسەر ستراتیژی سەرپۆشدانان لەسەر کێبڕکێی گەیشتنە دەسەڵاتە. بوونە شای مەلیک سەلمان هاوکاتْ بوو لەگەڵ گەشەی خێرای (محەمەد بن سەلمان) کوڕە سی ساڵەکەی. ئەو سەرەتا بۆ وەزارەتـی بەرگری هەڵبژێردرا، دواتر پلەی جێگری جێنشینیان بۆ دروستکرد، کە ئەوی دەکردە کەسی ژمارە سێ، لە زنجیرەی جێنشینی شا. بەرپرسێکی میسری لە قاهیرە بەتوانجەوە وتوویەتی "خەونی سەلمان دروستکردنی عەرەبستانێکی سەلمانییە لەجیاتی عەرەبستانی سعوودی." جێنشینی عەرەبستان خراوەتە پەراوێزەوە و بەڕێوەبردنی شەڕ لە یەمەن و چاکسازیی ئابووری بە محەمەد بن سەلمان سپێردراوە، کە بونیادنەری پرۆژەی بەرزەفڕی بە ناو (خەونی 2030)ە، کە مانگی 4/2016 دەستپێکردووە و ئامانجی گۆڕانکاریی ئابووری، لەسەر بنەمای بەرنامەیەکە، کە هیچی لە بەرنامەی مارگرێتْ ناچەر کەمتر نییە.

دیپلۆماتێکی ئەوروپایی ڕوونـیـکـردووەتـەوە، کە "جێنشینی عەرەبستان عاقڵانە خۆی لە شەڕی یەمەن و چاکسازیی ئابووری قوتارکردووە. تا ئێستا چاکسازییەکان هیچ ئەنجامێکیان نەبووە. ئەو کەم کەم سوودی ئارامگرییەکەی بەدەستدێنێتْ و لەکۆتاییدا گەڕاوەتەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی و ڕاگەیاندن." بەتایبەتی لە ڕێگەی کەناڵە هەواڵگری – و ڕاگەیاندنەکانەوە، کە هاوولاتییانی عەرەبستان تێردەکەن، یان بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵێک بۆنەی خێزانی و خێڵەکی، هەروەها لە ڕێگەی نۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی تویتەر و واتس ئەپ و ... گومانەکانی خۆی لەبارەی ئەم سیاسەتەوە ڕاگەیاندبوو. لە ئێستادا بەهۆی تەمەنی زۆری شا (زیاتر لە 80 ساڵ تەمەنییەتی) هێشتا بەهێزەوە دەستی بە دەسەڵاتەوە گرتووە. ئایا شا ئەو تواناییەی هەیە، کە کوڕەکەی وەک جێنشین بسەپێنێتْ؟ ئەمەش زیاتر بە ئەنجامی چاکسازیی ئابووری، گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و دەوڵەتی نوێی ئەمەریکاوە گرێدراوە.

سەرچاوە:

https://ir.mondediplo.com